https://doi.org/10.54809/jkss.vi3.233

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# شوناسی کۆمەڵایەتیی لە فیلمی کوردیی دا، لە روانگەی تیۆرە کۆمەڵناسییەکانەوە

## -توێژینەوەیەکی شیکاریی ناوەڕۆکە-

**هەوراز محمد حمەڕەشید**

hawraz.hamarasheed@univsul.edu.iq

**پ.ی.د. پەیمان عبدالقادر مجید**

paima.majid@univsul.edu.iq

**بەشی کۆمەڵناسیی – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلێمانی/هەرێمی کوردستان – عیراق**

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە مانا و دەلالەتەکانی شوناسی کۆمەڵایەتیی تاک وەک بکەرێک لەناو ژیاندا و، لە پێوەندیی بە تاکەکانی ترەوە. بیرکردنەوەکان، رەفتارەکان پێوەستن بە شوناسەوە، شوناس لە یەک کاتدا هەڵگری دوو خەسڵەتە (جیاوازیی و لێکچوون)، ئەندامانی گروپێکی کۆمەڵایەتیی لەناو یەکدا لەیەکتر ئەچن و، لەگەڵ ئەندامانی گروپێکی تری کۆمەڵایەتییشدا لێک جیاوازن. کۆبوونەوەی ئەم دوو خەسڵەتە لەیەک کات دا، لەناو گرووپدا ئەبێتە ئاماژەدەری شوناس. لەگەڵ ئەوەشدا، تاک خاوەنی شوناسی تایبەتیی خۆیەتی و هیچ دوو کەسێک لە یەکتر ناچن، بەڵام لە چوارچێوەی گرووپەکاندا هاوبەشیی و لێکچون لەنێوان تاکەکاندا درووست ئەبێت. ئەو خاڵانەش کە تیایدا تاکەکان هاوبەش ئەبن، ئەشێت خودی رەگەزە پێکهێنەرەکانی شوناس بن لە (جێندەر و نەتەوەیی و نەژادیی و ئایینیی). هەریەکە لە رەهەندەکانی (کۆمەڵایەتیی، کولتووریی، سیاسیی) شوناسی کۆمەڵایەتیی تاک لە چوارچێوەی گرووپدا پێک ئەهێنن. توێژینەوەکە بەدوای دۆزینەوەی ئەم مانایانەوەیە لە فیلمی کوردیی دا بۆ دەرخستنی شوناسی کۆمەڵایەتیی تاکی کورد. دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: شوناسی کۆمەڵایەتیی ئەگەرچی لە رووکاردا جێگیر دەرئەکەوێت، بەڵام بە گۆڕان لە بارودۆخی کۆمەڵایەتییدا ئەبێتە هۆی گۆڕان لە شوناس دا. ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییە کولتووریی و کۆمەڵایەتیی انەی مرۆڤی کوردیی پێ ئەناسرێنەوە و دەرکەوتنەوەشیان لە فیلمی کوردییدا، دیارییکراون. تاک بەپێی خۆدۆزینەوە و پابەندبوونی بە گرووپەکەیەوەیە، دۆخی شوناسەکەی دیاری ئەکرێت، کە ئەو تاکە لە کام دۆخی (بەرجەستەبوون، رێگریی، ئاستەنگ، پەرتبوون)دایە. بەم پێیە پاڵەوانی فیلمە کوردییەکان دیاریکراون کە، لە چ دۆخێکی شوناسدان. هەروەها، لە روانگەی تاک ئەو رەفتارەی ئەینوێنێت، بەشێکە لە شوناسە کۆمەڵایەتییەکەی، بەڵام لە ئەگەری تەنهابوونەوە یان دوورکەوتنەوە لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، ئەشێت رەفتارەکانی ئەو تاکە گۆڕانی بەسەردا بێت.

**کلیلە وشەکان: شوناسی کۆمەڵایەتیی، تایبەتمەندیی کولتووریی، تاکی کۆمەڵایەتیی، پاڵەوانی فیلمی کوردیی**

Recieved: 4/2/2023
Accepted: 1/3/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

شـوناس وەک چەمکێکـی گشـتگیر و فـراوان و فـرە ڕەهەنـد دەرئەکەوێـت، گەرچیـی لـە ڕووکاردا وێنەیەکـی چەسپاو ئەبەخشـێت، بـەڵام لـە ناوەڕۆکـدا ئامادەیـی بـۆ گۆڕانکاریـی تیادایە و چەقبەسـتوو نیـە و، بـە تێپەڕبوونی کات، یـان بـە هـەر گۆڕانێکـی کۆمەڵایەتیـی ئەشـێت شـوناس گۆڕانکاریـی بەسـەردابێت. وێـڕای ئەمـەش پرسـکردن لـە چییەتـی خـودی شـوناس ئەمانباتـەوە بـۆ شـیکارییە سـەرەتاییەکان، کـە مـرۆڤ بوونەوەرێکـی پرسـایە و لـە خـۆی و لـە دونیـا ڕائەمێنێـت و پرسـیار لـە چییەتیـی خـۆی و شـتەکانی چواردەوری ئـەکات. لـەو سـاتەوەی، کـە لـە خـۆی ئەپرسـێت (مـن کێـم و چییـم؟) ئـەو وەڵامـەی دەسـتی ئەکەوێـت ئەبێـت بـە شوناسـەکەی.
لـە دیوێکـی تـری کۆمەڵایەتییشـدا، پرسـکردن لـە بـارەی (ئـەو بکـەرە کۆمەڵایەتییـە کێیـە؟) دیسـان وەڵامەکـەی ئەبێـت بـە، شوناسـی بکـەرە کۆمەڵایەتییەکـە. بـەم پێیـە شوناسـی کۆمەڵایەتیـی ئەکرێت لەسـەر بنەمای ئاسـتەکان و ڕەگەزەپێکهێنەرەکانـی دیـاری بکرێـت، تـاک لەیـەک کاتـدا خاوەنـی شوناسـێکی تایبـەت بـە خۆیەتـی و لەهەمان کاتـدا هاوبەشـە لەگـەڵ کۆمەڵێـک کەسـی تریشـدا کـە پێکـەوە کۆشـوناس درووسـت ئەکـەن، جـا لەسـەر بنەمـای نەتـەوە یـان نـەژاد یـان ئاییـن یـان جێنـدەر یـان هـەر شـتێکی تریـش بێـت، شوناسـی کۆمەڵایەتیـی لەیـەک کات دا هاوبەشـیی و جیاوازییشـە، هاوبەشـییە لەنێـوان تاکەکانـی یـەک گرووپـدا، هەروەهـا جیاوازییشـە لـە نێـوان تاکەکانـی ئـەم گرووپـە لەگـەڵ گرووپەکانـی تـردا. بـەم پێیـە توێژینەوەکـە لەسـەر بنەمـای تێگەیشـتن لـە شوناسـی کۆمەڵایەتیـی تـاک خوێندنـەوە و شـیکاریی بـۆ فیلمـی کوردیـی ئـەکات بەمەبەسـتی تێگەیشـتن لـە شوناسـی کۆمەڵایەتیـی تاکیـی  کـورد لـەم ڕێگەیـەوە.

### بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

یەکەم:کێشەی توێژینەوە:-

چەمکـی شـوناس و ناسـینی کەسـێتیی کۆمەڵایەتیـی مرۆڤـی کـورد، چـۆن جارێکـی تـر لـە کولتـوور و لـە ئاسـتەکانی ئاگایـی و نائاگاییـدا خـۆی بەیـان ئەکاتـەوە و، لـە بەرهەمـە کولتوورییەکانیـدا و چـۆن ڕەنـگ ئەداتـەوە؟ بـە تایبـەت لـە فیلمـە سـینەماییە کوردییەکانـدا شوناسـی مرۆڤـی کـورد چـۆن دەرکەوتـووە، هەمـوو ئەمانـە ئەبنـە پرسـی سـەرەکیی بابەتـی توێژینەوەکـە. ئـەوەی مایـەی سەرنجخستنەسـەر ئەبێـت، ئەوەیـە سـینەما وەک هونـەر و وەک بەرهەمێکـی مەعریفـی، چەنـد وێنەدانـەوەی دۆخێکـە، هێنـدەش ڕێگەیـە بـۆ درووسـتکردنی دونیایـەک و فەزایەکـی مەجـازی، کـە ئەتوانێـت لەسـەر واقیـع کاریگـەری بەجـێ بهێڵێـت و ڕەنگڕێـژی بیـری و پەروەردەیـی کۆمەڵگـە بکاتـەوە و لـە ئاسـتێکی دوورتریشـدا هەڵگـری پەیـام و درووسـتکردنی تێگەیشـتنێکیش بێـت بـۆ هـەر پرسـێک.
ئاخـۆ شوناسـی کۆمەڵایەتیـی کـورد چییـە و چـۆن لـە فیلمـە کوردییـەکان دا ڕەنگـی داوەتـەوە؟ هۆکارەکانـی سـوود وەرگرتـن لـە فیلـم بـۆ گێڕانـەوەی چیـرۆک و کێشـە جەوهەرییەکانـی کـورد کامانـەن؟ ئایـا شوناسـی کۆمەڵایەتیـی چییـە و چـۆن لـە کۆمەڵگـەدا دەرئەکەوێتـەوە؟ هـەر لـەم سـۆنگەیەوە ئایـا شوناسـی کۆمەڵایەتیـی تاکیـی  کـورد بـە چ شـێوەیەک لـە فیلمـی کوردیـی دا دەرکەوتۆتـەوە؟ ئایـا تـاک هەڵگـری خەسـڵەتی چەسـپاوی شوناسـە یـان ئەکرێـت شوناسـی کۆمەڵایەتیـی گۆڕانکاریـی بەسـەردا بێـت؟ ئایـا قۆناغەکانـی پێکهاتنـی شوناسـی کۆمەڵایەتیـی کامانـەن و ئـەو ڕەگەزانـە چیـن کـە ئەبـن بـە پێکهێنـەری شوناسـی کۆمەڵایەتیـی، لەنـاو فیلمـە کوردییـەکان دا؟

تیۆرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتیی چۆن و لە چ روانگەیەکەوە ژیانی بکەرە کۆمەڵایەتییە کان ئەخوێننەوە، لە ناو فیلمە کوردییەکان دا؟

دووەم: گرنگیی توێژینەوە:-

توێژینەوەکە گرنگییەکی تیۆریی هەیە لە هێنانە ئارای تێگەیشتنێک لە شوناسی کۆمەڵایەتیی کورد، لە ئاستێکی گوزارشتیی دا لە رێگەی زمانی سینەماوە. تێگەیشتنە لەوەی کە کورد، سینەما وەک زمانێکی جیهانیی کاریگەر بەکار ئەهێنێت بۆ پێناسەکردنەوەی خۆی و ناساندنەوەی خۆی بە دونیا، بەڵام لە رووی زانستییەوە گرنگە بزانرێت چۆن و بە چ شێوەیەک گوزارشتی لە وێنای خۆی کردووە. گرنگە لە رێگەی توێژینەوەکەوە ئاراستەکانی تێگەیشتن لە شوناسی کۆمەڵایەتیی کورد شیکاریی بۆ بکرێت.

گرنگییەکی تیۆریی هەیە لە دروستکردنی تێگەیشتنێک بۆ شوناسی کۆمەڵایەتیی لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، بە خوێندنەوەی تیۆرەکان، لە ئاستێکی گوزارشتییدا لە رێگەی ئاستەکان و پێکهاتە و بونیادە کۆمەڵایەتییەکانەوە. هەر لەم رێگەیەشەوە تێگەیشتن لە تاکیی کورد لە ناو فیلمەکاندا پێویستە بکرێت. ئەمەش لەبەر دەگمەنی توێژینەوەی زانستیی لە بوارەکەدا، ئەم توێژینەوەیە ببێت بە سەرچاوەیەکی زانستیی بۆ کتێبخانەی کوردیی و ناوەندەکانی توێژینەوە ئەکادیمیاییەکان لە بواری کۆمەڵناسیی و سینەماییەکاندا، بەتایبەت کۆلێژەکانی هونەر و بەشەکانی سینەما، هەروەها وەزارەتی رۆشنبیریی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سینەما.

سێیەم:ئامانجی توێژینەوە:-

گەیشتن بە هەندێک راستیی زانستیی لەبارەی پرسی شوناسی کۆمەڵایەتیی کورد و رەنگدانەوەی لە سینەمای کورد دا.

دروستکردنی مۆدێلێک لە بیرکردنەوە و تیگەشتنی مانایی بۆ خوێندنەوەی شوناسی کۆمەڵایەتیی، لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە بۆ فیلمە کوردییەکان.

دیاریکردنی ئاراستەی بیریی و کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتیی و بونیادییەکانی کۆمەڵگە، هەروەها کاریگەریی لەسەر ئاراستەی شوناس لای تاک لە رێگەی خوێندنەوە بۆ فیلمە کوردییەکانەوە.

شوناس، تاکەکان پێکەوە گرێ ئەدات و ئەیانپارێزێت لە پەرتبوون، ئامانجی توێژینەوەکە گەیشتنە بە زانینی ئاخۆ کامانەن ئەو دۆخانەی تاک پیایاندا تێ ئەپەڕێت بۆ بەرجەستەبوونی شوناس و، ئەو هۆکارانەش کامانەن کە ئەبن بە هۆی پەرتبوونی شوناسە کۆمەڵایەتییەکە. بەم پێیە بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی ناو فیلمی کوردیی، دۆخەکانیان دیاری بکرێن.

چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە:-

میتۆدی توێژینەوەکە شیکاریی و بەراوردەکارییە، بە پشتبەستن بە تیۆرییە کۆمەڵناسییەکان لە پێناوی گەیشتن بە هەندێک راستیی زانستیی سەبارەت بە دیوی ناوەوەی تاک و دیوی دەرەوەی لە رەفتاردا ، بەو پێیەی دۆخی دەروونیی تاک و دەرکەوتەی رەفتاریی دەرخەری جۆرێتی شوناسی کۆمەڵایەتیی «تاک»ن.

توێژینەوەکـە بـە شـیکاریی بـۆ سـێ تیۆریـی و بـە سـوود وەرگرتـن لـە رێـکاری بەراوردکاریـی توێژینـەوەکان بـەراورد ئـەکات. پاشـان لـە رێگـەی خوێندنـەوە و شـیکاریی ناوەڕۆکـەوە، شـیکردنەوە بـۆ فیلمـە کوردییـەکان ئەکرێـت، لـە رێگـەی فۆڕمێکـەوە بـۆ شـیکردنەوەی ناوەڕۆکـی فیلمـەکان.

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوە

باسی یەکەم: شوناسی کۆمەڵایەتیی

توێـژەر پێـی وایـە پرسیارکردن لـە بـارەی (ئـەو بکـەرە کۆمەڵایەتییـە کێیـە؟) وەڵامەکـەی ئەبێـت بـە، شوناسـی بکـەرە کۆمەڵایەتییەکـە. لـە رووی زمانەوانییـەوە لـە زمانـی ئینگلیزیـی دا (Identity) و لـە زمانـی عەرەبیـی دا (الهویـة) بـۆ وشـەکە بـەکار ئەهێنرێـت ، بـەڵام لـە زمانـی کوردیـی دا هـەردوو وشـەی (شـوناس و ناسـنامە) بـەکار هێـنراون، بـەڵام بەپێـی هەریەکـە لـە (فەرهەنگـی باشـوور، عەبـاس جەلیلیـان، لا ٤٣٨) و (فەرهەنگـی خـاڵ، شـێخ محمـدی خـاڵ، لا ١٨٠) و (فەرهەنگـی زانسـتگای کوردسـتان، ماجـد مەردۆخـی رەحمانـی ٢٧١٠) و (فەرهەنگـی کوردسـتان، گیـو موکریانـی، لا ١٢٤٥) لـە شـیکردنەوەی دەسـتەواژەی (ناسـنامە)دا ئاماژە بـۆ ئـەو پارچـە کاغـەزە ئەکـەن کـە تاکەکەسـی پـێ ئەناسرێتـەوە و وێنـە و نـاوی سـیانیی کەسـەکانی لەسـەرە، کـە بـە (شـوناس یـان پێنـاس) نـاسراوە، بـەڵام شـوناس بـە ناسـینەوە و ئاشـنایی و شوناسـیین ئەزانـن. ئەمـەش لـە رووی ماناییـەوە کەسـایەتی (الشـخصیة)ی پـێ ئەناسرێتـەوە ، هـەر بۆیـە لـەم توێژینەوەیـەدا چەمکـی شـوناس لـە بەرامبـەر هـەردوو وشـەی (الهویـة و Identity) بـەکار ئەهێنرێـت. (لـە رووی زمانەوانییـەوە چەمـکی شـوناس بـە دوو مانـای جیـاواز بـەکار ئەهێنرێـت :

١- یەکسانی و یەکناوەڕۆکیی رەها.

٢- جیاوازیـی، کـە بـە تێپەڕینـی کات شـێوە وەرئەکرێـت و بـە بەردەوامیـی و نەگۆڕیـی ئەمێنێتـەوە ) (گل محمـدی، ١٣٨٦ هیجریـی هەتاویـی، ص ٢٢٢). هەروەهـا وەک لـە (معجـم الغنـي)دا هاتـووە کـە (شـوناس، حەقیقەتـی رەهـای شـت یان کەسـێکە و بەسـەر خەسـڵەتە جەوهەرییەکانیـدا گشـتگیرە، چەمکەکـەش ئەگەڕێتەوە بـۆ «هـو» ئـەو)، هەروەهـا هاتـووە کـە (‹هویـە› «شـوناس» بـۆ وشـەی ‹هـو› «ئـەو» ئەگەڕێتـەوە ) (أبـو العـزم، ٢٠١٣).

بـەم شـێوەیە بەپێـی تێگەیشـتنی توێـژەر، چەمکەکـە لـە رووی زمانەوانییـەوە بـۆ خەسـڵەتی ناسـینەوەی کەسـی ئەگەڕێتـەوە، کـە لـە چوارچێـوە کۆمەڵایەتییەکەیـدا بەپێـی پێگەکـەی رۆڵەکـەی دیـارە و شـوناس دەرخـەری چییەتیـی کەسـەکانە.

لـە رووی دەسـتەواژەییەوە (شـوناس؛ پێکەوەییەکـە لـە لایەنـە ماددیـی و دەروونیـی و کولتووریـی و فاکتـەرە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە لـە رووکارێکـی ناوەکییـەوە دێتـە دەرەوە و لـە چوارچێوەی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا شـێوە ئەگرێتـەوە ، چونکـە مـرۆڤ وەک بکەرێکـی کۆمەڵایەتیـی لـە بۆشـایدا نییـە، شوناسـەکەی لـە پێوەندیـی لەگـەڵ ئەوانـی تـردا دەرئەکەوێـت) (میکشـیللی، ١٩٩٣، ص ١٢).

هـەر بـەم پێیـە، شـوناس چ تاکیـی بێـت چ کۆمـەڵ و چ کولتووریـی، لـە بنەڕەتـدا ناوەکییـە و تایبەتمەندیـی هـەر بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتیـی پـێ ئەناسرێتـەوە . هێنـدەی رێـژەی مرۆڤـەکان، شـێوە و تایبەتمەندیـی جیاوازیـی

هەیە، چونکە بابەتەکە پەیوەستە بە کەسێتیی مرۆڤەکانەوە. هەر بۆیە ناتوانین پێناسەیەکی درووستی شوناس بکەین هەتا نەگەڕێینەوە بۆ ئەو هەستەی کە تاک بۆ خودی شوناسەکەی هەیەتی. بە شێوەیەکی سرووشتیی، کە ئەبێت بە بنەمایەک بۆ دروستکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەوانی تردا.

(شوناس، وەک چەمک، لە چەمکی ئەوی تر جیاوازە، شوناس ئاماژەیە بۆ مەبدەئێکی بەردەوام، کە رێگە بە تاک ئەدات وەک خۆی بمێنێتەوە و لە بوونی بەو شێوەیە بەردەوام بێت) (علوش، ١٩٨٥، ص ٢٢٥) بەو مانایەی وێڕای گۆڕانکارییەکانیش، شوناس ئەمێنێتەوە و دەشبێت بە هۆکار بۆ هەر پێشهاتێک کە بۆ ئەم بوونەوەرە کۆمەڵایەتییە رووئەدات.

(شوناس لە فەلسەفەدا، حەقیقەتی شتێک یان کەسێکە، کە لە ئەوانی تری جیا ئەکاتەوە و تایبەتمەندیی ئەداتێ)، لە تێڕوانینی ئێریک ئیرکسۆن و جۆرج میدەوە، هەستەکردنە بە خود و هێز لە تاکێتیی کەسایەتی و بەردەوامیی زەمەنی وەرئەگرێت ) (فیریول، ٢٠١١، ص ١٠١).

(وێڕای ئەوەی چەمکەکە مێژووییەکی دێرینی هەیە، لە رەگی وشەی Idemی لاتینییەوە داتاشراوە، کە ئاماژەیە بۆ یەکانگیریی و بەردەوامیی ، بەڵام وەک ئەوەی نەکەوتبێتە بەر باس تا سەدەی بیستەم، لە دواتریشدا بەکارهێنانەکەی لە لایەن دوو باڵی زانستیی جیاوازە بووە، باڵی سایکۆدینامیی و باڵی سۆسیۆلۆژیی) (مارشال، ٢٠٠١، ص ١٥٧٠).

بەم پێیە، پرسی شوناس لە نێوان زانستەکاندا بە رێگەی جیاواز و هەر لایەک لە تێڕوانینی خۆیەوە پێناسەی کردووە و کردوویەتی بە رێگە و سەرچاوەیەک بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەک. شارلوت سیمۆن – سیمث، لە پێناسەی شوناسدا نووسیویانە کە (پەیبردنی تاکە بە خودی خۆی، ئەم چەمکە لە کۆمەڵناسییدا فراوان بووە و هەر یەکە لە شوناسی کۆمەڵایەتیی و شوناسی کولتووریی و شوناسی ئیتنیکی ئەگرێتەوە. ئەم چەمکانەش ئاماژەن بۆ ئەوەی خود کاتێک هاوتا ئەبێت لەگەڵ دۆخێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، یان لەگەڵ کەلەپوورێکی کولتووریی دیاریکراو، یان کۆمەڵەیەکی ئیتنیکی) (سیمث، ١٩٩٨، ص ٧٣١).

چەمکەکە لەو داهێنراوە زانستییانە بووە کە سیگمۆند فرۆید بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی دەروونیی (یەکانگیربوون و هاوشوناسیی) منداڵ بۆ باوانی بەکاری هێناوە، بەڵام دواتر بە رێگە و شێوازی تر گوزارشتی لێ کراوە (مێژوونووسی دەروونیی، ئێرک ئێرکسۆن، لەبارەی شوناسەوە: بە وەسفی ئەو، پرۆسەیەکە و ئەکەوێتە قووڵایی مرۆڤەوە و بەو پێیەی لە ناوەوەیدا کولتووریی دەستەجەمعی هەیە، ئەمەش وا ئەکات پەیوەستیی نێوان تاک و کۆمەڵگە دروست ببێت) (مارشال، ٢٠٠١، ص ١٥٧١).

بەم پێیە، وەک چۆن لە سەرەتادا بەکارهێنانەکە بۆ ئەو دیاردە دەروونییەی منداڵە، کە بوونی خۆی لەگەڵ بوونی باوانیدا یەکانگیر ئەکات، دواتریش تاک بە هەمان پرۆسێس شوناسی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەدا هاوتا و یەکانگیر ئەکاتەوە.. هەر بەم پێیە، چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی، هەردوو لایەنی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی ئەگرێتەوە، کە هەر یەک لەمانە لایەنی شیکاریی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە یارمەتیی پەیوەستبوون بە واقعەوە ئەدات. هەر لەمەوە تێ ئەگەین بونیادی کۆمەڵایەتیی، لە رستێک پێوەندیی تا رادەیەک جێگیر پێک یەت لە نێوان پێگە و رۆڵەکاندا، کە تاک وەک بکەرێکی کۆمەڵایەتیی لە ناو گرووپ و کۆمەڵگەدا

پەیوەستە پێوەی. بەڵام کولتوور ناوەڕۆکی ئەم پێوەندییانە لە خۆ ئەگرێتەوە .
سەرجەم ئەو مانایانەی لە داب و نەریت و بەهاکاندا تاک وەریان ئەگرێتەوە، کولتووره کۆمەڵایەتییەکەیە، کە بە هۆی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتییبوونەوە تاک وەری ئەگرێتەوە و کەسایەتیی بۆ پێک ئەهێنێت، هەر خودی ئەمەش ئەبێتەوە بە شوناسی کەسێتیی تاک.
(چوارچێوەی رەفتار و بەها و هێما تایبەتەکانی هەر گرووپێک یان کۆمەڵگەیەک یان ژیارێک، بە هۆی وەرگرتنی کردار و بیر و هەستەوەیە، هەروەها بە هۆی وەرگرتنی شوناسەوەیە) (عثمان، ١٩٩٩، ص ١٨٢).
ئەمانە ئەبنە هۆی جیاکاری لە نێوان کەسێک و کەسێکی تردا. رۆڵە کۆمەڵایەتییە کان کە تاک ئەیانبینێت، پێوەستن بە شوناسی کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەوە. تاک لە رێگەی شوناسەوە هەست بە پێزانین ئەکات لە لایەن ئەو گرووپ و کۆمەڵگەیەوە کە لە ناویاندا ئەژی و هاوشوناسیانە، هەر ئەمەشە کە هەستی ئینتیمای بۆ درووست ئەکات..
(خود توانستێکی مرۆییانەی تایبەتمەندە کە تاکەکان ئەتوانن لەو رێگەیەوە و لە رێگەی زمان و پێوەندییەوە کارلێک لەگەڵ سروشت و جیهانە کۆمەڵایەتییەکەیان بکەن. هەریەکە لە جەیمس و مید، وێنای خود بۆ دوو شێوە دەرئەخەن: منی ناوەکیی (من – I)، کە ئەتوانێت بزانێت ناوەکییە، خودییە، داهێنەرە و دیاریکراوە و ئەوانی تر ناتوانن بیناسن و پەیی پێ ببەن، منی دەرەکی (خۆم – Me) کە زیاتر ئاشنایە بۆ ئەوانی تر، دەرەکییە، دیاریکراوە و کۆمەڵایەتییە . یەکگرتنی ئەم دوو شێوەیە تەنها لە دەربڕینەکاندا و بە شێوەی کۆمەڵایەتیی دەرئەکەوێت، لەمەشدا زمان رۆڵێکی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا ئەبینێت) (مارشال، ٢٠٠١، ص ١٥٧١).
ئەمەش بەو مانایەی لە ناو کەسێتییدا کە شوناسێک گوزارشتی لێ ئەکات، دوو دیوی تایبەتیی هەیە، دیوێکیان نەزانراو و دیوەکەی تریشیان زانراوە، بەڵام بکەری کۆمەڵایەتیی لە رێگەی زمان و ئاماژەوە هەردوو دیوەکەی لە فۆرمێکدا دەرئەخات، کە لە چوارچێوەی ئەو شوناسە تاکییەی خۆیدایە. ئەوەش هەستی هاوشوناسی لەگەڵ ئەوانی تردا بۆی درووست ئەکات. (چەمکێکە هاوبەشیی ئەکات لە نێوەندگیریی تاک و ئەوانی دی و کۆمەڵگەدا، بە شێوەیەک، تاک هەست بە سەربەخۆیی و ئینتیماش ئەکات بۆ ئەوانی تر... بە تێڕوانینی بەشێک لە کۆمەڵناسان، شوناس ئاگایی تاکە بە کەسێتییەکەی و هەوڵدانێکی نەستەکییە بۆ پابەندی بە پێوەرەکانی ئەو گرووپەوە کە ئەم ئینتیمای بۆ ئەکات. بە مانایەکی تر، شوناس تێگەشتنە لە کۆمەڵگە و قبوڵکردنی خەڵک. ئەمەش بە هۆی کارلێک و گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری «من کێم؟») (الحمد، ٢٠٢٠، ص ٩).
هەریەکە لە گۆفمان و پیتەر بێرگەر، پێیان وایە شوناس (دەرئەنجامێکی کۆمەڵایەتییە و وەرئەگیرێت. لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی هەم بەردەوام ئەبێت و هەم گۆڕانی بەسەردا دێت) (مارشال، ٢٠٠١، ص ١٥٧١).
(شوناس پرۆسەیەکە تێیدا تاک تایبەتمەندی و جیاوازیی لەگەڵ ئەوانی دیدا دەرئەخات و دۆخی تایبەتیی کەسێتیی خۆی دیاری ئەکات. هەندێک لە روخسارە دیارەکانی شوناس، ناو و رەگەز و تەمەن و دۆخی خێزانی و پیشە و.. هتد دیاریی ئەکات. تەنانەت یاساکانیش بۆ چەسپاندنی خەسڵەتەکانی کەسێک، «پێناس» درووست ئەکەن تا لە مامەڵەکانیدا بۆ سەلماندنی شوناسەکەی بەکاری بهێنێت. بەڵام شوناسی دەروونیی

خەسڵەتێکی فریودەری هەیە لە نێوان خود و بابەتدا و لە دۆخ و مامەڵەی تاکدا لە ناو کۆمەڵگەدا رەنگ ئەداتەوە. لە لۆژیکدا ئەوترێت بنەمای شوناس بەوە ئەوترێت کە لە خودی کەسێتیی کەسێکدا هەیە وەک ئەوەی کە هەیە) (بدوي، ٢٠١١، ص ٢٠٦).

بونیادگەرا و پۆست بونیادگەراکانیش باس لە کاریگەریی زمان لەسەر وێناکردن و هیی ئەویش لەسەر شێوەگرتنی شوناس ئەکەن، (گرنگیی رامان، کە چۆن مانا لە زماندا بەرهەم ئەهێنێت، کە ئەمەش لە مەبەستی نووسەر یان قسەکەردا دەرناکەوێت، بەڵکو لەمیانەی کارلێکی هێماکانەوە دەرئەکەوێت.. لە روانینی ئەودا زمان تەرزێکی بونیادیی هەیە کە مانا بەرهەم ئەهێنێت) (مارشال، ٢٠٠١، ص ١٥٧١)

بەم مانایە، زمان هەڵگری خەسڵەتە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکانە لە ناو خۆیدا، هەر ئەمەش لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی فراوان لە ناو مرۆڤدا چوارچێوەیەکی وێنایی درووست ئەکات. بە مانایەکی تر، جیهانی چواردەورمان و شوێنەکەمان ئەو مانایانە وەردەگرن کە لە چوارچێوەی وێنایی و خەیاڵدانی ئێمەدا درووست بوون. هەر ئەمەش شوناسی ئێمە لە ناو شوێن و ژینگەی کۆمەڵایەتییدا دیاری ئەکات.

کۆی هەموو ئەمانە، زمان و نیشانە و هێماکانی ناو شوناسیان بەرهەم هێناوە، کە دواتر لە بیرکردنەوە و رەفتاردا مانیفێست ئەبنەوە و خودی شوناسەکە دیاری ئەکەن.. هەرچەندە شوناس کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر رەفتار هەیە، بەڵام لە کتێبی (قیاس الهویة)دا هاتووە کە (کاتێک مرۆڤ هەڵگری شوناسێکی دیاریکراوە، مانای ئەوە نییە رەفتارەکانی بە هۆی شوناسەکەیەوەیەتی، بەڵکو شوناس وەک پێکهێنەرێکی سەرەکیی پاڵنەر ئەمێنێتەوە ، کە وا ئەکات بکەرێک کارێک بکات. یان پاڵ بە کەسێکەوە ئەنێت بە جۆرێک مامەڵە بکات لەسەر بنەمای شوناسێکی دیاریکراو.. هەرچەندە جیاوازییش لە نێوان بیریاراندا هەیە، هەندێک پێیان وایە، کردە بەرهەمی میزاجێکی تاکەکەسییە و هەندێکی تر باس لە کاریگەریی هێزی قەناعەت و پاڵپشتیی کۆمەڵایەتیی ئەکەن و هەندێکی تر باس لە کاریگەریی پاڵنەر و پشتیوانییەکی رێکخراو بۆ کردە ئەکەن، بەڵام ناتوانین کاریگەریی شوناس لەسەر ئەنجامدانی کردە نادیدە بگرین) (عبدالعال و الاخرون، ٢٠١٤، ص ١٠).

پرسی شوناس، بە بەراورد بە زۆرێک لە پرس و چەمکەکانی تر، تازەیە لە رووی توێژینەوە و نووسین لەبارەیەوە، هەر لەبەر ئەمەیە کە کۆمەڵناسانی هاوچەرخیش تێروانینی خۆیان لەبارەیەوە دەربڕیوە. میشێل فۆکۆ لە (شیکاریی گوتار)دا سەرنج ئەخاتە سەر ئەو شێوازەی کە لەبارەی شتێک یان بابەتێکی دیاریکراوەوە قسەی پێ ئەکرێت، یان شێوازەکانی تێروانین و زانین لەبارەیەوە (ئەم گوتارانە شێوە و هەڵوێستەکانی کردە و شوناس دیاری ئەکەن) (مارشال، ٢٠٠١، ص ١٥٧٢).

هەر وەک ئاماژە بۆ بابەتێکی زۆر گرنگ ئەکات لەبارەی فرەشوناسییەوە (ئێمە وەک تاک هەڵگری چەند شوناسێکین، نەک یەک شوناس بە تەنها. دوو رەهەند ئەمە پشتڕاست ئەکەنەوە، رەهەندی یەکەم لە رای فۆکۆدا گرنگیی زۆرتری هەیە، فرەیی و جیاوازیی گوتارەکان (دیسکۆرسەکان)، دۆخێکی دیاریکراو بەرهەم ئەهێنێت، ئەمەش ئەبێتە جۆراوجۆری بۆ هەر بکەرێک و شوناسەکەشی، جۆراوجۆریی دیسکۆرسەکان پێوەستن بە «ئایین، دەوڵەت، وەرزش» یان هەر بەکارهێنانێکی خۆوێناکردن، جیاوازیی و تایبەتمەندیی هەیە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر. ئەم دیدگایەش بە مانای ئەوەی هەر یەکێکمان کاتێ قسە ئەکەین

یـان کردەیـەک ئەکەیـن، بـە چەندیـن شـتی ناوەکییـەوە پەیوەسـتین، وەک: ئایینداریکـی پابەنـد، باجدەرێـک، هاندەرێکـی تۆپـی پـێ، یـان مرۆڤێـک کـە چێـژی کـردووە بـە سەرمەشـقی ژیانـی. رەهەنـدی دووەم، بـە شـیکاریی فۆکـۆ، کۆبوونـەوەی فرەشوناسـی لـە نـاو خودمانـدا، پەیوەسـتە بـە ژمارەیـەک لـە کـردە و مامەڵـەی کۆمەڵایەتیـی کـە هەمـوو پەیوەسـتە بـە بونیادێکـی گەورەتـر و گشـتگیرتر.. لـەو بونیادانـەش کـە ئاماژەیـان بـۆ ئـەکات، وەک چیـن، رەچەڵـەک، ئیتنیـک، جێنـدەر و شوناسـی سێکسـی. ئەبێـت ئـەوە بزانیـن کـە هـەر یـەک لـەو شوناسـانە جیـاواز و دابـڕاون لـە یەکـتر، بـەڵام کارلێـک لەگـەڵ یەکـتردا ئەکـەن) (عبدالعـال و الاخـرون، ٢٠١٤، ص ١١).

لـەم تێگەیشـتنەوە ئـەوە هەڵئەهێنجرێـت کـە شـوناس چەنـد شـێوازێکی جیـاواز لـە خـۆ ئەگرێتـەوە ، بـەو پێیـەی هـەر تاکێـک لـە کۆمەڵگـەدا بەپێـی پێگـە و رۆڵەکـەی  لـە نـاو بونیـادی کۆمەڵایەتییـدا ئەگـەری هەیـە هەڵگری چەنـد شوناسـێکی جیـاواز بێـت.

هــەر بــەم پێیــە ئەتوانرێــت بوترێــت ئــەم شوناســانە چەنــد دابــڕاون، هێنــدەش تێکــەڵاون و بیرکردنــەوە و رەفتارەکانیــش پێکــەوە بەرهەمــی هەمــوو ئەمانــەن. بــەم رێگەیــەش ئەتوانیــن لــە هــەر کــردە و تێڕوانیــن و هەڵوێسـتێکی کۆمەڵگـە لـە سـیاقە مێژووییەکەیـدا تـێ بگەیـن. هـاوکات لـە دونیـای مۆدێرنیشـدا گواسـتنەوەی کولتووریـی کاریگەریـی هەیـە لـە بەرهەمهێنانـەوەی شـوناس.. بەپێـی ئـەم تێگەیشـتنانە، توێـژەر ئەگاتـە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە پێناسـەی ئیجرائـی بـۆ شـوناس بـکات، کـە بریتییـە لـە:

کۆمەڵێـک خەسـڵەتی ناوەکیـی و دەرەکیـی تاکـە لـە پەیوەسـت بـە بیرکردنـەوە و رەفتـارەوە کـە تـاک بـە هـۆی دۆخـی ژینگـەی کۆمەڵایەتیـی و کولتووریـیـەوە و لـە رێگـەی پرۆسـەی بەکۆمەڵایەتییبوونـەوە وەریـان ئەگرێتـەوە و هـەر بـەم هۆیـەوە تـاک بـە گشـت یـان بـە کۆمەڵـەوە ئەبەسـترێتەوە. شـوناس پرۆسـەیەکی چـڕ و تێکـەڵاوە، ئەگەرچـی لـە هەندێـک دۆخـدا تـا رادەیـەک جێگیـرە، بـەڵام توانسـتی گۆڕانکاریـی و نوێکردنـەوە و بەردەوامیـی هەیـە؛ جگـە لـەوەش، شـوناس یـەک وێنـای دیاریکـراوی نییـە و بگـرە بەپێـی ژمـارەی تاکـەکان شوناسـی تایبەتییش بوونـی هەیـە. چونکـە وابەسـتەیە بـە کەسـێتییەوە؛ بەڵام هەسـتی جیاوازیـی و وەکیەکی، شوناسـە دەسـتەجەمعییە کۆمەڵایەتیـی و کولتووریـیـەکان پێـک ئەهێنێـت. هـەر ئـەم خەسـڵەتەش وا ئـەکات بکـەری کۆمەڵایەتیـی خـاوەن چەنـد شوناسـێکی جیـاواز و لێکدابـڕاو بێـت و لەیـەک کاتـدا بـە هـۆی شوناسـەکەیەوە سـەر بـە چەنـد گرووپـی کۆمەڵایەتیـی  جیـاواز بێـت.

ئاستەکانی شوناس:

درووسـتبوون و پێکهاتنـی شـوناس، پرۆسـەیەکی ئاڵـۆز و بەیەکداچـووی قۆناغبەنـدە، لـە سـات و دۆخـی جیـاوازدا بەرهـەم دێـت و بەردەوامـە و جێگیر نییە، بەڵام سـەرەتاکانی پێکهاتنی بۆ پرۆسـەی پـەروەردە و بەکۆمەڵایەتییبوون ئەگەڕێتـەوە . تـاک لـە سـەرەتاکانەوە وێنـای خـۆی لـە تێڕوانینـی ئەوانـی تـرەوە بـۆ دەرئەکەوێـت و خـۆی و کەسـێتییەکەی لەسـەر بونیـاد ئەنێـت. هەمـوو کـردە و رووداوێکـی نـاو ژینگـە کۆمەڵایەتییەکـەی کار ئەکاتـە سـەر لایەنـی دەروونیـی  و رەفتاریـی  ئەبێـت بـە بەشـێک لـە شوناسـەکەی. هـەر ئـەم پرۆسـە تاکگەراییەیـە کـە پرسـیاری تێـدا درووسـت ئـەکات سـەبارەت بـەوەی بپرسـێت مـن کێـم؟ سـەر بـە کام گرووپـی کۆمەڵایەتییـم؟ لـە کـێ جیـاوازم؟ وەک چەمکەکـەش بـە خوێندنـەوەی زانستییانە بـۆی، بەرهەمـی قۆناغێکـی دیاریکـراوی مێژووییـە

کە قۆناغـی رۆشـنگەرییە، لـەم قۆناغـەدا تاکگەرایـی سـەری هەڵـدا، (گـەڕان بەدوای شوناسـی تاکەکەسـی پرسـێکی تازەیـە، کـە لەوانەیـە لـە تاکگەرایـی رۆژئاواییـەوە سـەرچاوەی گرتبێـت) (گیدنـز، ١٣٨٣، ص ١١).

کـۆی ئـەو رەگەزانـەی وا ئەکـەن شـوناس پێـک بێـت، چەنـد ئاسـت و رەهەنـدی جیـاوازن. سـەرەکیترین دوو تێڕوانیـن بـۆ رەگـەزە پێکهێنەرەکانـی شـوناس، دوو تیۆریـی (ئێریـک ئێرکسـۆن) و (جەیمـس مارشـیا)ن، کـە تویـژەر هـەوڵ ئـەدات سـەرنجەکانیان لەمـەڕ ئـەم پرسـە لـە باسـی تیۆرەکانـدا بـە وردی بخاتـە روو. ئێرکسـۆن پرسـی شوناسـی لـە روانگەیەکـی سـایکۆلۆژیی پەتییـەوە خوێندووەتـەوە. خاڵـی بنچینەیـی بـۆ پێکهاتنـی شـوناس لای ئـەو، بـە تەنهـا لەژێـر کاریگەریـی ژینگـەی کۆمەڵایەتیـی دا نییـە و بـە گومانـەوە تەماشـای ئـەو تیۆرانـە ئـەکات کـە پێیـان وایـە ئەتوانرێـت لـە رێـی هەوڵدانـی رێکخـراوەوە شوناسـی نـوێ و دەسـتکرد بـەدی بهێنرێـت، هـەر وەک چـۆن بـە گومانیشـەوە ئەڕوانێتـە ئـەو دیدگایـەی کـە پێـی وایـە تـاک ئەتوانێـت خـۆی لـە ژینگەکـەی دابـڕێـت و شوناسـێکی نـوێ بـۆ خـۆی بەرهـەم بهێنێـت، کـە تـەواو سـەربەخۆ بێـت. لـە راپۆرتـی (چەمکـی شـوناس)ی رێکخـراوی (WHC)دا هاتـووە کـە بـە روانینـی ئێرکسـۆن (شوناسـی تـاک بـە هەوڵدانێکـی زۆر پێـک دێـت لـە قۆناغـی هەرزەکارییـەوە کـە جەخـت ئەکاتـە سـەر دوو رەگـەز، یەکەمیـان: بەدەسـتهێنانی توانسـت بـۆ بەرهەمهێنـان و درووسـتکردنی پێوەندیـی لەگـەڵ ژینگـەی دەوروبـەر. دووەمیـان: هەسـتکردن بـە هاوتایـی بـە جیهانێکـی مانایـی گونجـاو) (مؤسسـة لجـان العمـل الصحـي (WHC)، ص ٢).

توێژەرانـی ئـەم بـوارە دوو ئاسـتی سـەرەکی بـۆ شـوناس دیـاری ئەکـەن؛ (ئاسـتی شوناسـی تاکەکەسـی) و (ئاسـتی کۆشـوناس).

آ - لـە شوناسـی تاکەکەسـیدا، مـرۆڤ بـە درێژایـی ژیانـی رووبـەرووی تەنگـەژە و ململانێـی جیـاواز ئەبێتـەوە، لـە هـەر قۆناغێکیشـدا تووشـی ئـەم دۆخانـە ئەبێـت و پێویسـتە چارەسـەریان بـکات، ئینجـا ئەتوانێـت بچێتـە قۆناغێکـی دواتـر. هـەر یەکێـک لـەو قۆناغانـەش رۆڵێکـی گرنـگ لـە پێکهاتنـی شوناسـدا ئەبینـن کـە لـە قۆناغـی هەرزەکارییـەوە دەسـت پـێ ئـەکات و نـاوی لـێ نـراوە قۆناغـی بەریەککەوتنـی رۆڵـەکان، کـە ئێرکسـۆن ئـەم بۆچوونـە پێشـکەش ئـەکات. لـەم قۆناغـەدا هـەرزەکار ئەیەوێـت بزانێـت کێیـە؟

تـاک لەپێنـاو بونیادنانـی سـەرەتای شوناسـەکەی، کـە تـا کۆتایـی تەمـەن بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان پێـوەی پابەنـد ئەمێنێتـەوە، بـە تایبـەت شوناسـە کۆمەڵایەتییەکـەی. هـەرزەکار لـەم قۆناغـەدا جگـە لـەوەی لـە خـۆی ئەپرسـێت مـن کێـم؟ ئەشپرسـێت ئەتوانـم کـێ بـم؟ ئەمـەش بـۆ خـۆی سـەرەتای تەنگەژەیەکـە و ئێرکسـۆن پێـی وایـە تـاک لەمیانـەی بونیادنانـی شوناسـەوە چارەسـەری ئـەکات.

ئەمـە ئـەو خاڵەیـە کـە تـاک ئامانجەکانـی بەپێـی بەهاکانـی دیـاری ئـەکات، وەک چـۆن هەندێـک کـەس قبـوڵ ئـەکات و هەندێکیـش رەت ئەکاتـەوە، هـەر ئەمەشـە هـەرزەکار ئەباتـە قۆناغێکـی دواتـر و لـە تەنیایـی دەری ئـەکات، هاوڕێیەتـی و هەسـتی لەگەڵبـوون لەتـەک ئەوانـی دیـدا درووسـت ئەبێـت. هـەر بـۆ خـۆی ئەمـە قۆناغـی سـەرەتای درووسـتبوونی شوناسـە کـە خاڵـی هاوبـەش لەگـەڵ هەندێـک ئەدۆزێتـەوە و خاڵـی جیاوازییـش لەوانـی تـر، ئەمـەش ئەبێتـە سـەرەتای شوناسـی کۆمەڵایەتیـی هـەر تاکێـک.

ب - لـە کۆشوناسـدا، جەخـت ئەکرێتـە سـەر ئـەو گرووپانـەی، تـاک پابەنـدە پێیانـەوە. جا لەسـەر ئاسـتی جێندەری و نەژادیـی بێـت یـان لەسـەر ئاسـتی مێژوویـی و ئایینیی.

ئەگەر لە دۆخی سەرەتادا تاک بە هۆی پرۆسەیەکی دەروونییەوە شوناسی خۆی دیاری ئەکرد، ئەوا لە ئاستی دووەمدا تاک بە هۆی پابەندێتی بە گرووپەوە شوناسەکەی دیاری ئەکرێت. ڕەنگە سەرەتاییترین و بنەڕەتیترین گرووپ کە تاک پێوەی ئەبەسترێتەوە خێزان بێت، هەر خودی خێزان لە سەرەتادا ئایین و نەژاد بۆ تاک دیاری ئەکات، دواتریش پەیوەستبوونی بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە جۆرەکانی تری شوناسی بۆ درووست ئەکات..

(مێژوو و درووستبوون و هەڵکەوتەمان پێکەوە بە تەنها ڕێگەیەک نین بۆ بینینی خۆمان و ئەو گرووپانەی پێیانەوە پابەندین، بەڵکو چەندین پۆلێن و جیاکاری هەن کە لە هەمان کاتدا پابەندین پێیانەوە. من ئەتوانم لە یەک کاتدا ئاسیایی بم، هیندی بم، لە بنەچەمدا بەنگالییەکی بەنگلادیش بم، یەکێکیش بم لە دانیشتوانی ئەمەریکا یان بەریتانیا، بڕوام بە سیکۆلاریزم و دیموکراسی بێت و پیاوێک بم لە هەوادارانی بزووتنەوەی فێمینیزم، حەزم بۆ ڕەگەزی بەرامبەرم هەبێت و داکۆکیکاری مافەکانی کەسانی هاورەگەزخوازیش بم،... هتد. ئەمە تەنها نموونەیەکی بچووکە لە پۆلێنکارییەکی ئاڵۆز کە ئەشێت لە یەک کاتدا پابەند بم پێیانەوە) (عبد المعطي، بدون سنة، ص ٢٩٨-٢٩٩).

ئەم دەربڕینەی (ئەمارتیا سن) لە کتێبی شوناس و توندوتیژیدا، ئاماژەیەکی روون و بەهێزە بۆ ئەوەی تاک لە یەک کاتدا سەر بە چەند گرووپی جیاوازە و ئەمەش بە مانای ئەوەیە هەڵگری شوناسی جیاوازییشە کە هەر یەکێک لەم شوناسانە دەستەجەمعین..

بەم پێیە، ئەشێت بوترێت بڵێین کۆشوناس، کۆشوناسی ئەو تاك و گرووپانەیە، کە چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە و هەڵگری جۆرێك لە هاوبەندی و یەکانگیرین لەگەڵ یەکتر. ئەگەر ڕەهەندێکی سەرەکیی شوناسی تاکەکەسی جیاوازیی و تایبەتمەندی بێت، ئەوا کۆشوناس جەخت لەسەر لێکچوون و هاوشێوەیی و وەکیەکی ئەکاتەوە. جەخت لە سەر ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەت و هەڵوێست و دونیابینییانە ئەکاتەوە کە هەموان پێکەوە ئەبەستێتەوە. کۆشوناس ئاماژەیە بۆ بوونێکی پێکەوەیی و بەکۆمەڵ، کە هەموان لەسەر یەک جۆر لە تێگەیشتن کۆ ئەکاتەوە.

## باسی دووەم:

ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتیی

شوناسی کۆمەڵایەتیی چەند پێکهێنەرێکی سەرەکیی هەیە، کە لە ڕەگەزی (بەرجەستە و نابەرجەستە – مادیی و مەعنەوی)دا کۆ ئەبنەوە و وا ئەکەن تاکەکان شوناسی تایبەت بە خۆیان هەبێت و لە هەمان کاتدا شوناسی هاوبەشییشیان لەگەڵ یەکتر هەبێت، کە ئەندامانی یەک گرووپی کۆمەڵایەتیی پێ ئەناسرێتەوە .

ئەلێکس میکشیللی لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شوناسدا ئاماژە بۆ چەند ڕەگەزێک ئەکات:

یەکەم: ڕەگەزە ماددی و فیزیاییەکان؛ وەک ناو و موڵک و ئابووری و دارایی و سیستمی نیشتەجێبوون و گەڕەک و ئینتیمای کۆمەڵایەتیی و بنەماڵەیی و.. هتد.

دووەم: ڕەگەزە مێژووییەکان؛ بنەچە و ناوبانگ و بنەماڵە و خزمایەتی و چیرۆکی ئەفسانەیی بنەماڵە و هۆز و نەریت و دابی دیاریکراوی هۆز و خێڵ و.. هتد.

سێیەم: رەگەزی کولتووریی دەروونیی ؛ سیستمی کولتووریی و بیروبڕوا و ئایین و سیمبول و ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوە سەبارەت بە کۆمەڵگە و ئەدەب و هونەر و بەها و.. هتد.
چوارەم: رەگەزە دەروونیی یە کۆمەڵایەتییەکان: پێگە و رەگەز و پیشە و دەسەڵات و رۆڵی کۆمەڵایەتیی و ئینتیما و لێهاتوویی و توانست و تەرزی رەفتاریی و.. هتد (میکشیللی، ١٩٩٣، ص ١٨ و ١٩ و ٢٠).

کۆی ئەم رەگەزە پێکهێنەرانە پێکەوە وا ئەکەن تاکەکان لە یەک کاتدا خاوەنی چەند شوناسی تایبەت بەخۆیان بن. هاوبەشییش لە یەکجۆر شوناسدا، تاکەکان ئەکاتە ئەندامی گرووپێکی دیاریکراو و کۆشوناسیان بۆ درووست ئەکات..
بەم پێیە لە باری پێکهاتنەوە، کۆشوناس دوو ئاستی هەیە؛ (ئاستی مێژوویی، کە ئایین و نەتەوە ئەگرێتەوە) و (ئاستی بایۆلۆژی، کە ئیتنیک «عرق» و جێندەر ئەگرێتەوە). لە باری ئاستی یەکەمدا ئەو شوناسەی کە گرووپێک پێکەوە هەیانە، مێژووکردە و بەر لەوان بوونی هەبووە و ئەم کەسانە بە هۆی پرۆسەیەکی مێژووییەوە ئەبنە هەڵگری ئەو شوناسە، بەڵام خودی شوناسەکە مرۆڤکردە و سروشتی نییە و دواجاریش مرۆڤ خۆی جۆرێک لە ئازادیی هەیە بۆ هەڵبژاردن یان رەتکردنەوەشی، لەمەشدا هەردوو شوناسی ئایینیی و نەتەوەیی ئەو خەسڵەتەیان هەیە.
هاوکات لە ئاستی دووەمیشدا شوناسەکە بەرهەمی دیاردە بایۆلۆژییەکانی وەک رەگەزی جێندەری و نەژادیی و سولالە و ئیتنیکەوە هەیە، خەسڵەتی ئەم ئاستەی شوناس ئەوەیە کە مرۆڤکرد نییە و بۆ دەسەڵاتی سروشت ئەگەڕێتەوە و جۆرێک سەپاندنی پێوەیە کە ئاسان نییە رەتکردنەوەی.
بەو پێیەی تاک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لە چوارچێوە و ژینگەی کۆمەڵایەتییدا ئەژی و پەیوەست و پابەندە بە بونیاد و سیستمە کۆمەڵایەتییە کانەوە و هەر ئەوانەش پێکەوە وێنەیەک بۆ تاک لە کۆمەڵگەدا درووست ئەکەن، کە وێنەی مرۆڤێکە لە رێی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتییکردن و پەروەردەوە بووەتە هەڵگری شوناسێکی کۆمەڵایەتیی، هەر ئەم تاکە لە ناو تۆرێک لە پێوەندیی کۆمەڵایەتییدایە و ئینتیما بۆ گرووپی کۆمەڵایەتیی جیاواز ئەکات، ئەمەش خودی شوناسە کۆمەڵایەتییەکەی بۆی دیاری ئەکات سەر بەکام گرووپ بێت و دواتریش ویستەکانی و دونیابینییەکەی ئەیکاتە بەشێک لە چەند گرووپ و ئاڕاستەی تر کە شوناسی خۆکردی تاک درووستی ئەکات.

رەهەندەکانی شوناس و شوناسی کۆمەڵایەتیی
شوناس وەک چۆن دوو ئاستی سەرەکیی هەیە و لە چوار رەگەزی بنەڕەتی پێک یەت، توێژەران ئاماژە بۆ سێ رەهەندی دیاریکراو ئەکەن، کە بریتیین لە رەهەندەکانی (کولتووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی).
شوناس دۆخێکی ناوەکیی و مەعریفیی هەیە بۆ تاک، کە لەو چوارچێوەیەدا خۆی پێ ئەناسێنێت و کۆمەڵگەش ئەوی پێ ئەناسێتەوە. رەهەندەکانی شوناسش ئەو بوارانەن کە تاک لە رێگەیەوە خۆی تێدا وێنا ئەکات و ناوەڕۆکی خۆی بۆ ئەوانی دی بەیان ئەکات.
یەکەم: رەهەندی کۆمەڵایەتیی:

ژینگـەی کۆمەڵایەتیـی، کـە مـرۆڤ تێیـدا ئەخولقێـت و تێیـدا پـەروەردە ئەبێـت، یەکەمیـن رەهەنـدی شوناسـی بـۆ دیـاری ئـەکات و هـەر لـە سـەرەتاوە بەشـێک لـە تایبەتمەنـدی و خەسـڵەتەکانی خێزانەکـەی بـۆ ئەگوازرێتـەوە و تـا رادەیـەک وەک سیسـتمی بۆماوەیـی ئەبێتـە هەڵگـری خەسـڵەتە کۆمەڵایەتییەکانـی خێـزان و ژینگـە کۆمەڵایەتییەکـەی.

(گرووپـە یەکەمینـەکان و کارلێکـی کۆمەڵایەتیـی و بـە تایبەتیـش پێوەندیـی، رۆڵیـان لـە پێگەشـتن و گەشـەکردنی تاکـدا هەیـە. بـەو مانایـەی خـود لـە نـاو بۆتـەی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـە کانـدا پـێ ئـەگات. بەمـەش خـود و ئەوانـی دی وەک واقعێکـی جیـاواز بـەدی نایـەن، بەڵکـو پێکـەوە درووسـت ئەبـن) (تیماشـیف، ١٩٨٣، لا ٢١٨)

لـە سـەرەتا وێنـەی ئـەم شوناسـە لای تـاک خـۆی پرسـێکە بـۆ خودناسـی، لەمەشـەوە ئەوانـی دیکـە ئەناسـێت، بـە مانایەکـی تـر، هەڵسـەنگاندنی تـاک بـۆ خـۆی و بـۆ ئەوانـی تـر، بـەر لە هـەر شـتێک لـە شوناسـە کۆمەڵایەتییەکەی تاکەکـەوە دەسـت پـێ ئـەکات.

دووەم: رەهەندی کولتووریی

کولتـوور سیسـتمێکی رێکخـراوی رەفتـار و شـێوەی گشـتیی ژیانـی گرووپـە جیاوازەکانـە، کـە لـە کۆمەڵێکـی کەڵەکەبـووی داب و نەریـت و بەهـا و رێسـاکانی نـاو ژیانـی کۆمەڵایەتیـی پێکدێـن، کـە بەرهەمـی پێکەوەژیانـە. (رەگەزەکانـی کولتـوور، وەک داب و نەریـت و بیروبـاوەڕەکان، هەروەهـا بیروڕا هاوبەشـەکان، مرۆڤـەکان بەیەکەوە ئەبەسـتێتەوە و شوناسـی کۆمەڵایەتییان پێ ئەبەخشـێت) (موحسـنی، ٢٠٠٢، ١٠٣).

لـە تێڕوانینـی تایلـۆرەوە (کولتـوور بریتییـە لـە گشـتێکی ئاڵـۆز، لـە زانیـاری و بیروبـاوەڕ و هونـەر و ئەخـلاق و یاسـا و داب و نەریتـەکان و هـەر توانسـت و نەریتێـک، کـە مـرۆڤ وەک تاکێـک لـە کۆمەڵگـەدا وەری ئەگرێتـەوە ) (سـیمور- سـیمث، ١٩٩٨، ص ٣٠٩).

لەبـارەی شوناسـی کولتوورییـەوە ئەوترێـت (پرۆسـەیەکە تـاک خـۆی لەوانـی دی پـێ جیـا ئەکاتـەوە، یان کەسـێتیی خـۆی پـێ دیـاری ئـەکات، ئـەو خەسـڵەتانەی تاکـەکان لەوانـی تـر جیـا ئەکەنـەوە، وەک نـاو و رەگەزنامـە و خێـزان و پیشـە..) (حسـن، ٢٠٠٧ ص١٢).

سێیەم: رەهەندی سیاسیی

لـە پـاش هەریەکـە لـە رەهەندەکانـی کۆمەڵایەتیـی کـە مـرۆڤ بـە هـۆی پرۆسـەی بەکۆمەڵایەتییکـردن و پـەروەردەوە وەری ئەگرێتـەوە و کولتوورییـش بـە هـۆی وابەسـتەیی بـە تـۆڕی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە وەری ئەگرێتـەوە ، لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگـەش بـە گشـتی و لـە سـیاقێکی گەورەتـردا، ررەهەندێکـی تـر بـۆ شوناسـەکەی درووسـت ئەبێـت کـە ئەویـش رەهەنـدی سیاسـییە.

گـەر بنەمـای شـوناس لـە بنەڕەتـەوە هاوشـێوەیی بێـت لەگـەڵ هەندێـک لـە کەسـان و لـە هەمـان کاتیشـدا جیاوازیـی بێـت لەگـەڵ کەسـانێکی تـر، ئـەوا لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتیـی و کولتووریـی گرووپـە کۆمەڵایەتییـە جیـاوازەکان رەهەنـدە کۆمەڵایەتییەکـەی بەرجەسـتە ئەکـەن، بـەڵام رەهەنـدی سیاسـیی جگـە لـە چەمکـی تێڕوانینـی سیاسـیی و زۆرینـەی جـار جیاوازیـی شـوێن جیاوازیـی سیاسـیی لـە شوناسـی کەسـێتیی تاکـدا درووسـت ئـەکات، کـە ئەویـش خـۆی لـە چەمکـی نەتـەوە و نـەژاددا بەرجەسـتە ئەکاتـەوە..

سیاسـەت گوتـارە، خـودی ئـەو گوتـارەش رەنگدانـەوەی لەسـەر چالاکییـە کولتوورییەکانـی نـاو کۆمەڵگـە ئەبێـت و

هـەر ئـەوەش وا ئـەکات تاکـەکان بەشـێک لـەو گوتـارە لـە شوناسـەکەیاندا رەنـگ بداتـەوە..
(شوناس لە کایەی سیاسەتدا ئەبێت بە گوتار و وەك ستراتیژێك کاری پێ ئەکرێت) (فەتاح، ٢٠٠٥، ل ١٢٨).

## باسی سێیەم:
## تیۆرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتیی

هەرچەنـد تیـۆرەکان لەبـارەی شـوناس بـە گشـتی و شوناسـی کۆمەڵایەتیـی زۆرن و بابەتەکـە جێـی بایەخـی بیریارانـی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان بـووە لـە روانگـەی جیـاوازەوە، وەک: دەروونناسـی و کۆمەڵناسـیی و مرۆڤناسـی و زانسـتە سیاسـییەکان و... هتـد، بـەڵام لـەم توێژینەوەیـەدا سـێ تیـۆر کـە پێوەندیـی راسـتەوخۆیان بـە باسـەکەوە هەیـە، هەڵبژێـرراون.

یەکەم:

تیۆریی شوناسی کۆمەڵایەتیی لای ئێریک ئێرکسۆن:

تیۆرەکـەی ئێرکسـۆن بـەوە ئەناسرێتـەوە قۆناغەکانـی ژیـان و گەشـەکردنی مرۆڤـی بـۆ هەشـت قۆنـاغ دابـەش کـردووە. لـەم باسـەدا ئـەوەی بـە پرسـی توێژینەوەکـەوە پەیوەسـتە، قۆناغـی پێنجەمـە کـە خـۆی نـاوی نـاوە (قۆناغـی هەسـتکردن بـە شـوناس لـە بەرامبـەر تەنگـەژەی رۆڵ – ego identity vs role confusion) کـە بـە قۆناغـی هـەرزەکاری دەسـت پـێ ئـەکات و بـە قۆناغـی گەنجێتـی کۆتایـی دێـت، (ego identity) یـان «شوناسـی مـن» بریتییـە لـە تێگەیشـتن و زانینـی تـاک بـۆ خـودی خـۆی و دانانـی خـۆی لـە نـاو تاکەکانـی کۆمەڵگـەدا بـە وردبینییـەوە، ئەمـەش رێگـەی ئـەدات کـە قسـە بـکات لەسـەر هەمـوو ئـەوەی فێـری بـووە لەسـەر خـۆی و ژیـان و بـە شـێوەیەکی یەکگرتـوو و یەکانگیـر ریزبەندیـی بـکات، کـە پێـی ئەوترێـت وێنـای خـود «Self – image» و ئـەوەی گرنگـە، ئەوەیـە تـاک کەسـێکی کاریگـەر بێـت لـە نـاو کۆمەڵگـەدا.

لەمـەدا گرنگیـی سـەرەکی ناسـینەوەی کاردانـەوە جیاوازەکانـی هـەرزەکارە و پێدانـی رۆڵـە پێـی، تـا کەناڵـی پێوەندیـی کۆمەڵایەتیـی دیاریکـراو بکاتـەوە. لەمـەش گرنگـتر ئەوەیـە کۆمەڵگـە سرووتـی گونجـاوی هەبێـت کـە هـەرزەکار بتوانێـت تێیـدا خـۆی بسـەلمێنێت و جیـاکاری بـکات لـە نێـوان تەمەنـی خـۆی و منداڵیـدا. لـەم رێگەیـەوە هـەرزەکار بـۆ کۆمەڵگـەی ئەسـەلمێنێت کـە توانـای هەڵگرتنـی بەرپرسـیارێتیی هەیـە بەرامبـەر بـە خۆی و ئـەو ئەرکانـەش کـە خێـزان و کۆمەڵگـە بەسـەریدا ئەیسـەپێنن) (اریکسـون، ص ١٦).

لـە پێکهاتنـی شوناسـدا لـە قۆناغـی هەرزەکاریـدا بەپێـی ئـەم تیـۆرە، تـاک لـە هەسـتیارترین دۆخـی ژیانیـدا ئـەژی کـە ئەزانێـت چیـتر منداڵەکـەی جـاران نییـە، هەروەهـا بـە دیاریکراوییـش نازانێـت کـە چییـە؟ هـەر ئەمەیـە ئەیخاتـە سـەر خولیـای گـەڕان بـەدوای پرسـیارەکەیدا و خۆناسـینەوەی، کـە ئـەو خۆناسـینەوەیە سـەرەتاکانی بونیادنانـی شوناسـەکەیەتی.

(ئێرکسـۆن جەخـت لەسـەر دوو قۆنـاغ ئەکاتـەوە: نارۆشـنیی شـوناس، بـە سەرنجخستنەسـەر گـرووپ کـە کەسـێک خـۆی لـە ناویانـدا یەکانگیـر ئـەکات، دواتریـش شوناسـی کەسـی یـان خـودی کە بـە هـۆی یەکانگیربوونی کەسـێک لەگـەڵ توانـا و ئامانـج و خولیـا و توانستەکانیدا پێـک دێـت) (الطنطـاوي، ٢٠١٢، ص ٧).

بـەم پێیـە، سـەرەتا تـاک چوارچێـوەی شوناسـەکەی لـە نـاو گرووپەکەیـەوە دیـاری ئـەکات و کەسـایەتیی خـۆی لـە نـاو ئەوانـدا ئەتوێنێتـەوە و پاشـان بـە خودناسـینی و زانینـی ئامانجەکانـی و تواناکانـی وردەوردە بناغەکانـی شوناسـی خـودی دیـاری ئـەکات.

ئەمـە کورتـەی تێڕوانـی ئێرکسـۆن بـوو بـۆ پێکهاتـەی شـوناس کـە دۆخەکـەی بـە لایەنێکـی دەروونیـی – کۆمەڵایەتیـی بـۆ قۆناغێکـی دیاریکـراوی تەمـەن بەسـتەوە. لێرەوە توێـژەر هـەوڵ ئـەدات چوارچێـوەی بیرکردنەوە تیۆرەکـەی (جەیمـس مارشـیا) بـۆ پێکهاتـن و رەگەزەکانـی پێکهاتنـی شـوناس بخاتـە روو، کـە پێشـی ئەوترێـت قۆناغـی پێشخسـتنی تیۆرەکـەی ئێرکسـۆن، کـە مارشـیا لـە رێگـەی دیاریکردنـی چـوار جـۆری شوناسـەوە ئـەو قۆناغـە ئەخوێنێتـەوە، ئەوانیـش:

بەرجەسـتەبوونی شـوناس (identity achievement)؛ گوزارشـتە لـە تەواوکاریـی پێشـکەوتن و گەشـەکردنی کەسـایەتی لـەم قۆناغـەدا، بـە مانـای تێپەڕینـی تـاک بـە سـاتەکانی دۆزینـەوەی بەدیلەکانـدا، کـە وا ئـەکات بتوانێـت چەنـد پابەندییەکـی دیاریکـراوە بـە دەسـت بهێنێـت.

رێگریـی بـەردەم شـوناس (moratorium): قۆناغـی بـەر لـە چەسـپاندنی شوناسـە، کـە تێیـدا تـاک لـە قۆناغـی دۆزینەوەدایـە، وێـڕای ناڕۆشـنیی پابەندییـش.

ئاسـتەنگی درووسـتبوون و دواکەوتنـی شـوناس (foreclosure): ئاماژەیـە بـۆ بێتوانایـی تـاک بـۆ دۆزینـەوەی خـود، بۆیـە بـەردەوام پابەنـدی بەهاکانی قۆناغـی منداڵـی ئەبێـت.

پەرتبوونـی شـوناس (identity diffusion): ئەمـەش کەمتریـن ئاسـتی گەشـەکردنی کەسـێتییە لـەم ماوەیـەدا، ئاماژەیـە بـۆ کەسـێک کـە پابەنـدی هیـچ ئاڕاسـتەیەکی دیاریکـراو نییـە، ئەگـەر هیـچ بەدیلێکیشـی دۆزیبێتـەوە یـان نـا (عبـد المعطـي، ص ٢٩٨-٢٩٩).

دووەم:

تیۆریی شوناسی کۆمەڵایەتیی لای هێنری تاجفێل

ئـەم تیـۆرە بـاس لـە کارتێکەریـی کۆمەڵایەتیـی و سـتریۆتایپینگ لـە شوناسـی کۆمەڵایەتیـی گرووپەکانـدا ئـەکات. بـە مانایەکـی دی، ئەگـەر قسـەکردن لـە شوناسـی کۆمەڵایەتیـی لای ئێرکسـۆن تـاک بووبێـت وەک بکەرێکـی کۆمەڵایەتیـی، ئـەوا لای تاجفێـل تاکـە لـە چوارچێـوەی گرووپـی کۆمەڵایەتییـدا و قسـەکردنە لەبـارەی ئینتیـما و وابەسـتەیی بـە گرووپـەوە.

(گەشەسـەندنی تیۆرەکـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ دەیـەی حەفتاکانـی سـەدەی بیسـتەم و دواتریـش، کـە تێیـدا وەسـفی ئـەو پرۆسێسـە مەعریفییانـە ئەکرێـت کـە پەیوەسـتن بـە شوناسـی کۆمەڵایەتییـەوە، چـۆن کاریگـەری لەسـەر شوناسـی کۆمەڵایەتیـی ئەبێـت لەسـەر ئاسـتی رەفتـار لـە نـاو گرووپـدا) (Phinney ، ٢٠٠٣، ٢).

بنەمای تیۆرەکەی لەسەر سێ خاڵ داڕشتووە:

پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتیی (social categorization)

یەکانگیریی کۆمەڵایەتیی (social identification)

بەراوردکاریی کۆمەڵایەتیی (social comparison)

(تاجفێل لەبارەی ئەندامێتییەوە لە گرووپدا، پێی وایە گرووپ تەنانەت گەر بە شێوەی زۆرەملێش بێت بە هۆی دۆخێکی تایبەتەوە، بۆ درووستبوونی شوناس لە ناو گرووپدا ڕۆڵی ئەبێت لە ئاڕاستەکردنی رەفتار بەپێی یەکانگیریی لە ناوخۆی گرووپ و جیاکاری لە بەرامبەر ئەندامانی گرووپێکی تری دەرەکیدا) (Jenkins, ۲۰۰۸, ۷).
ئەوەی هێنری تاجفێل لەبارەی شوناسی تاکەکانەوە جەختی لەسەر ئەکاتەوە، شوناسە لە ناو گرووپدا، بنەمای ئەوەش لەسەر دوو خاڵ وەستاوە:

خاڵەکانی جیاوازیی نێوان گرووپەکان.

خاڵە هاوبەشەکان لە چوارچێوەی یەک گرووپدا.

بەم مانایە، شوناسی کۆمەڵایەتیی تاک بەوە لە تاکێکی تر جیا ئەکرێتەوە، کە سەر بە گرووپی کۆمەڵایەتیی جیاوازن، لە ناوخۆی خودی ئەو گرووپەشدا کە تاک ئینتیمای بۆ ئەکات، خاڵی هاوبەش و یەکسانی نێوان تاکەکان گرووپەکە پێک ئەهێنێت.

(گەشەکردنی خود پەیوەستە بە ئینتیمای کەسەکانەوە بۆ گرووپی کۆمەڵایەتیی زیاتر لە گرووپەکانی تری سیاسیی و ئایینیی، ئەمەش وا لە تاک ئەکات پێناسەیەکی ئەرێنی بۆ خودی خۆی بکات بە شێوەی بەراوردکاریی لە نێوان ئەو گرووپەی کە خۆی ئینتیمای بۆ ئەکات لە چاو گرووپەکانی تردا) (Phinney ، ۲۰۰۳، ۹).

(تاجفێل، تەواوی دەیەی حەفتاکان گفتوگۆیەکی هێنایە کایەوە، لە دژی ئەو شیکردنەوە تاکرەهەندییەی کە ئەشێت رەفتاریی تاک لە ناو گرووپدا بە چەمکسازیی پاتۆلۆژیای تاکگەرایی «individual pathology» بخوێنرێتەوە. لەمەشدا لەگەڵ «شیریف – Sheriff» هاوڕا بوو کە ململانێی کۆمەڵایەتیی بەمە راڤە ناکرێت و جیاوازیی لە تەرزی کەسێتیی و پرۆسێسە ناوەکییەکانی ناو تاک، وەک تاجفێل ئەڵێت، ئاڕاستەکانی نێوان گرووپەکان و بیرۆکە نەمەتییەکان «Stereotypes» لە بنەڕەتدا و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش بە شێوەیەکی فراوان کە بە هۆی تاکەکانەوە پەیدا ئەبن، کە ئەندامن لە گرووپی کۆمەڵایەتییدا وەک بەشداری کۆمەڵایەتییانە و نواندنەوەی ئەو پۆلێنکارییەی گرووپەکە لە دەرئەنجامدا لەو سیاقە کۆمەڵایەتییە گەورەیەدا وەک ئەرک تاک لەو چوارچێوەیەدا ئەیبینێتەوە) (زاید، ۲۰۰٦، ص١٧)

لەم دیدگایەوە تێ ئەگەین کە تاجفێل و دواتریش تێرنەر (Turner)، کە درێژەپێدەر و تەواوکەری تیۆرەکەی تاجفێلە، پێیان وایە رەفتاریی تاک بە هۆی شێوەگرتنی گرووپ و ئەو سیاقە کۆمەڵایەتییە فراوانەیە کە گرووپەکە هەیەتی و تاک لەو چوارچێوەیەدا بیرکردنەوەی پۆزەتیڤانە بۆ خۆی بونیاد ئەنێت و بە هۆی شوناسە کۆمەڵایەتییەکەیەوە گوزارشت لە خودی خۆی ئەکات. هەر ئەمەشە ئەبێتە خاڵی جیاوازیی لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگە کە سەر بە گرووپی دیکەی کۆمەڵایەتیین.

سێیەم:

تایپۆلۆژیی شوناس لای ئێرڤینگ گۆفمان

گۆفمان باس لە سێ جۆری جیاوازیی شوناس ئەکات کە بریتین:

شوناسی کەسی

شوناسی کۆمەڵایەتیی

شوناسی ئیگۆ (یان هەستکراو)

ئاماژە بۆ خەسڵەتە تایبەتەکان یان نامۆیی تاک ئەکات، کە خۆی پێ بێهاوتا ئەکات و ئەبێتە خاڵی جیاوازیی ئەو کەسە لە کەسانی تر. بەوەش، شوناسێکی تاکەکەسیی خۆی لە ناو شوناسە کۆمەڵایەتییەکەدا جێگیر ئەکات، کە شوناسی هەستپێکراوی تاکە لە روانگەی ئەوانی ترەوە. واتە تاک شوناسێکی تایبەتیی خۆی هەیە کە بەرهەمی ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتیی و پرۆسەی پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکەی و تێگەیشتنیەتی لە دونیا، هاوکات لە ناو کۆمەڵگەشدا شوناسێکی کۆمەڵایەتیی تری هەیە، لە هەمان کاتدا شوناسێکی تریشی هەیە لە تێگەیشتنی ئەوانی ترەوە بۆی کە ئەوەش شوناسە هەستپێکراوەکەیەتی، «خود لە چاوی ئەوانی ترەوە». ئەمەش ئەو هاوکێشەیەیە، کە خود خۆی چییە و چۆن لە چاوی ئەوانی تردا دەرئەکەوێت، بە هۆی ئەو (رەفتارنواندن)ـەی لەسەر شانۆی ژیان ئەیکات.

(هیچ دوو کەسێک هەمان ئەزموونی کۆمەڵایەتییبوون و هاوبەشییان نییە، یان هەمان بیرۆکە سەبارەت بە جیهان و خەڵکی دەوروبەریان هەڵبگرن. لە ژیانی رۆژانەدا فێر ئەبین کە تاکەکان هەریەکە و جۆرێکی دیاریکراون. تایبەتمەندیی زیاتر دەربارەی کەسەکان دروست ئەکرێت سەبارەت بە ژیاننامە و کارەکانیان و رەفتار (دیمیانۆر)ی نێوانیان و شتی تریش، کە سەرجەمی ئەم زانیاریانە وا لە کەسەکان ئەکەن شوناسێکی تاکەکەسیی تا رادەیەک جێگیر بۆ خۆیان دروست بکەن. بۆ ئەوەی ئەوانی تریش بگەنە ئەو رادەیەی تێگەیشتن کە کەسەکان هەموو ئەو توخمە کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و تاکەکەسی و ژیاننامەیە بەرجەستە ئەکەن کە لە هەموو حاڵەتێکدا لە شێوەیەکی بێهاوتای خۆیاندان) (Chriss, ٢٠١٥, ١٧).

هاوکات گۆفمان سەرنجێکی جیاوازتر لەبارەی شوناسی کۆمەڵایەتییەوە ئەخاتە روو، ئەویش ئەوەیە کە پێی وایە سەرجەم مرۆڤەکان لەسەر شانۆیەک خەریکی نواندنن، جا لە دیوی پێشەوە شانۆکەدا بن یان لە دواوە. (بۆ گۆفمان، بابەتی کۆمەڵناسیی، درامای دروستکردن و پاراستن و لەناوچوونی تێگەیشتنە هاوبەشەکانی واقیعە لە لایەن کەسانێک کە بە تاک و بە کۆمەڵ کار بۆ پێشکەشکردنی وێنەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو لەمەڕ ئەو واقیعە ئەکەن. ئەو تێگەیشتنە بریتییە لە نمایشکردنی خود لە ژیانی رۆژانەدا، پێی وایە لە قووڵایی هەموو کارلێکێکدا تاک درۆ ئەکات، لە شێوەی شانۆدا بۆ هەمووومان ئاشنایە. لە شانۆیەکدا ئەکتەرەکان هەوڵ ئەدەن بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە بینەران و تێڕوانینە تایبەتەکانیان بۆ جیهان و دەوروبەریان، نواندن بکەن، ئەوەش لە رێگەی بەکارهێنانی دیالۆگی نووسراو و ئامادەکراو، ئاماژە، پرۆپس و ئێکسسوار، جلوبەرگ و شتی تر، ئەکتەرەکان واقیعێکی نوێ دروست ئەکەن بۆ ئەوەی بینەران رەچاوی بکەن و بەو جۆرە لە نمایشەکە تێ بگەن) (Pittman, ٢٠٠٧. ٢٧٢).

گۆفمان لەبارەی شوناسەوە پەرەی بە چەمکی دراماتۆگی دا. بیرۆکەکەی بریتییە لە ژیان وەک شانۆ، کە سەرجەم تاکەکان تێیدا ئەکتەرن و رۆڵ ئەگێڕن. ئەو پێی وایە کاتێک لە دایک ئەبین، ئەکەوینە قۆناغێکەوە کە ژیانی رۆژانەیە. پرۆسەی پەروەردە و بەکۆمەڵایەتییبوونمان فێرمان ئەکات کە چۆن رۆڵەکانمان بگێڕین. رۆڵی هەر کەس لەوانی دی جودایە. ئێمە لە کۆمپانیاکانی ئەواندا رۆڵ ئەبینین و ئەوانیش بە رۆڵەکانیان کارلێک لەگەڵ ئێمەدا ئەکەن. ئەو پێی وایە هەرچییەک بکەین، نمایشە و رۆڵگێڕانە.

(سەرنجی گۆفمان، لەبارەی بەڕێوەبردنی تێڕوانینەکان لە ژیانی رۆژانەدا بە مانای ئەوە دێت بەشێکی گەورەی خەڵکان هەندێک رووکەشی کەم یان ناتەواوی خۆیان دەرئەخەن. لە واقعدا و بە هۆی دۆخێکی

تایبەتـەوە، نواندنـە خودییـەكان شـێوەیەكی نەرێنـی وەرئەگـرن. ئەگـەر خـود لـە ناوەڕۆكیشـدا پـاك بێـت لەسـەر ئاسـتی تـاك، ئەبێـت لەسـەر ئاسـتی كۆمەڵـیش وا دەربكەوێتـەوە، یـان گـەر بیەوێـت بـە جـدی مامەڵـە لەگـەڵ ئەقڵـی كۆمەڵایەتیـی و نواندنـی بەكۆمـەڵ و كولتـووردا بـكات) (Chriss, ٢٠١٥, ١١).

بەڕێوەبردنـی تێڕوانینـەكان لای گۆفـمان، ئاماژەیـە بـۆ ویسـتی یاریكـردن بـە تێڕوانینـی ئەوانـی دی لەسـەر شـانۆی ژیـان. ئـەو ڕێگەچـارەی جیـاواز ئەخاتـە ڕوو، كـە بـە ماشـێنی ئامـاژە نـاوی ئەبـات بـۆ ناسـاندنی خـود بەوانـی تـر. ئـەو ڕێگەیانـەش بریتییـن لـە:

دۆخـی كۆمەڵایەتیـی: تـاك ئەیەوێـت ژینگـە كۆمەڵایەتییەكـەی پـڕ بـكات لـەو شـتانەی پێیـان ئەناسرێتـەوە، بـۆ نموونـە پزیشـكێك لـە كلینیكەكـەی بڕوانامەكانـی هەڵئەواسـێت، یـان كەسـانی بەدەسـەڵات لـە ڕێگـەی خانـووی گـەورە و دانانـی سـكیورتی و سـەگ، ئەیانەوێـت مەزنیـی خۆیـان نیشـانی ئەوانـی تـر بـدەن.

ڕووكـەش: ڕووكـەش و ڕوخسـار گرنگییەكـی زۆری هەیـە بـۆ شوناسـی كەسـەكان، بـە تایبـەت لـە یەكـەم دەركەوتنەكانیـان لـە بەرامبـەر ئەوانـی دیـدا. تـاك ئەیەوێـت لـە ڕێگـەی چەنـد شـتێكەوە ئەمـە كۆنـترۆڵ بـكات (جلوبـەرگ، لەشـولار، ئیتنیـك و نـەژاد، سـتریۆتایپ).

ڕێگـەی كارلێـك: لـە سـەرەتاكانی بەركەوتـن لەگـەڵ ئەوانـی دیـدا، ئامـاژە جەسـتەییەكان و ڕووخسـار و نیشـانە جووڵەییەكانـی ڕەوخسـار و زمانـی جەسـتە و ئـەو یەكەمیـن دێڕانـەی لـە سـەرەتاوە ئەوترێـن، كاریگەریـی گـەورە لەسـەر پێوەندیـی و كارلێكـی كۆمەڵایەتیـی نێـوان تاكـەكان درەوسـت ئەكـەن.

بـەم تێگەیشـتنە، شـوناس لای گۆفـمان پرۆسـەی پێگەیاندنـی تاكـە بـۆ سـەر شـانۆی ژیانـی كۆمەڵایەتیـی و هـەر تاكێـك لـە نـاو چوارچێـوە كۆمەڵایەتییەكەیـدا بەپێـی پێگەكـەی ئـەو ڕۆڵـەی ئەیبینێـت، بریتییـە لـە نواندنێكی پەتی لـە بەرامبـەر جەمـاوەردا، نواندنەكانـی لـە بەشـی پێشـەوەی شـانۆكە بریتیـن لـە ژیانـی ڕۆژانـە و ئـەو كردارانـەی تـاك ڕۆژانـە لـە ژیانـی ئاسـاییدا ئەیانـكات، هەندێـك جاریـش ئەچێتـە بەشـی دواوەی تەختـەی شـانۆكە كـە دیـوە تایبەتمەندەكانـی ژیانیەتـی و لەوێـدا ڕاسـتەقینەی خـۆی دەرئەخـات. بـەڵام ناتوانێـت زۆر لەوێـدا بمێنێتـەوە و هـەر زوو خـۆی ئامـادە ئەكاتـەوە بـۆ هاتنـەوە بـۆ بەشـی پێشـەوەی تەختـەی شـانۆكە.

گفتوگۆی نێوان تیۆرەكان:

تیۆریـی یەكـەم جەخـت لەسـەر سـەرەتاكانی درووسـتبوون و پێكهاتنـی شـوناس ئەكرێتـەوە كـە تـاك لـە چوارچێـوەی گرووپـە كۆمەڵایەتییەكەیـدا بەپێـی پێگـە و ڕۆڵەكـەی شـوناس وەرئەگرێـت ، هـەر وەك چـۆن بـاس لـە ڕێگرییـەكان و ئاڵۆزییەكانـی بـەردەم شـوناس ئـەكات. لـە تیۆریـی دووەمـدا بـاس لـە قۆناغێـك دواتـرە كـە تـاك لـە چوارچێـوەی گرووپـدا شوناسـی وەرگرتـووە و لەگـەڵ دەسـتەیەك لـە كەسـان هاوبەشـیی هەیـە و لەگـەڵ دەسـتەیەك لـە كەسـانی تـر جیاوازیـی هەیـە، لـەم تیـۆرەدا جەخـت لـە (ئێمـە و ئـەوان) خاڵـی هاوبـەش و جیاوازییـەكان ئەكرێـت. هەرچـی تیۆریـی سێیەمیشـە، جەخـت لەسـەر ئـەو ڕۆڵانـە ئەكاتـەوە كـە تـاك لـە نـاو كۆمەڵگـەدا ئەیانگێڕێـت، ئەویـش لەسـەر بنەمـای شوناسـەكەی ئەبێـت. بـە جۆرێـك، لـەم تیـۆرەدا زۆر وردەكارانـە بـاس لـە نوانـدن ئەكرێـت لـە لایـەن تاكـەوە كـە بەپێـی شوناسـەكەی ئـەو ڕۆڵـە ئەبینێـت، كـە بـۆی دیـاری كـراوە

لـە نـاو کۆمەڵگـەدا (پێشـەوەی شـانۆکە) بیگێڕێـت، لـە کاتێکـدا تـاک جۆرێـک بیرکردنـەوە و ڕەفتارێـی تـری تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، کـە ئەشـێت جیـاواز بێـت لـەو شوناسـەی بـۆی دیـاری کـراوە، ئـەوەش ژیانـی حەقیقیـی ئەکتەرەکانـی نـاو ژیانـە (پشـتەوەی شـانۆکە).

باسسی چوارەم

سینەما لە تێڕوانینی سۆسیۆلۆژیدا

هونـەری حەوتـەم بۆتـە مایـەی بیرکردنـەوە و گرنگیدانـی زۆرێـک لـە توێـژەران، ڕەنگـە هـۆکاری ئەمـەش بگەڕێتـەوە بـۆ (گرنگییـە بەرچاوەکـەی سـەبارەت بـە دۆزینـەوەی ڕێـگای جیـاواز و هێـزی تۆمارکـردن بـە ڕێگـەی وێنـە و دەنـگ و جوڵـە، بـۆ هـەر ڕووداوێکـی کۆمەڵایەتیـی و سیاسیی و فیکـری.. سـینەما بۆتـە کارگـەی بەرهەمهێنانــی خــەون و ئەفســانە)( D’hugues,5,1992)

لێـرەوە هـەر ڕووداوێکـی کۆمەڵایەتیـی کـە بەشـێوەی تەکنیکـی ئەگۆڕێـت بـۆ ماددەیەکـی وێنەیـی تۆمارکـراو و نمایـش ئەکرێتـەوە ئەبێتـە مایـەی کاریگەری دروسـتکردن لەسـەر تـاک و کۆمەڵە و کۆمەڵگە بەشـێوەیەکی گشـتی. ئەگەرچـی هونـەر بەگشـتی لـە توانایـدا هەیـە دۆخێکـی تاکەکەسـی بێـت و بەرهەمـی هونـەری نیشـاندانەوەی دۆخـی دەروونیـی تاکەکـەس بێـت، بـەڵام لـە نمایـش و نیشـاندانەوەدا ئەبێتـە ڕووداوێکـی کۆمەڵایەتیـی و لـەو بەریەککەوتـن و پێوەندییـەدا کاریگـەری بەجـێ ئەهێڵێـت لەسـەر بینـەران.

فیلـم تۆمارێکـی کۆمەڵایەتیـی گرنگـە، کـە بەشـداری ئـەکات لـە داڕشـتنی یاسـا و دینامیکیەتـی کۆمەڵگـە و توانـای تێگەیشـتن لـەو کۆمەڵگەیـە و سروشـتی ئـەو پێوەندییـە جەدەلیـەی نێـوان تـاک و کۆمەڵگـە زیاتـر ئـەکات، (لـە ئێسـتادا فیلـم وێنەیەکـی هاوتەریبـی دونیایەکـی وابەسـتەی بابەتـی نیـە، بەڵکـو نیشـاندانی کەلێـن و بۆشـایی و ناتەبایـی و ناتەریبیەکانـی کۆمەڵگەیـە لـە باسـکردن لـە کێشـە و دیـاردە کۆمەڵایەتییـە کاندا)(هـاوزر، ١٩٨١، ٣٧٢)

ئەمـەش لەکاتێکدایـە کـە میکانیزمەکانـی کۆمەڵگـە لـە دۆخـی هاوتاییـدا نیـن و بگـرە تاکەکانیـش وەک شـوناس هەڵگـری چەنـد شوناسـی جیـاوازن و ئەکرێـت لـە یـەک کاتـدا هەڵگـری دوو شوناسـی ناهاوتابێـت بـە پێـی دۆخـە کۆمەڵایەتیـی و کەلتـوری و سیاسـییەی تیایـدا ئـەژی.

هــەر بۆیــە ( لــە تیروانینــی ڕۆزێلینیــدا، هــەر هێــما و نیشــانەیەک یــان ڕەگەزێــک کــە ئەبێتــە پێکهێنــەری وێنــە، لەگــەڵ خۆیــدا وێنــەی ڕاســتیی و حەقیقەتێــک ئەگوێزێتــەوە، کــە ئەکرێــت دۆخــی ئاوارتــە و هێزێکــی ئازاربەخشــیش بێــت وەک نیشــانەیەک بــۆ واقعــی کۆمەڵگــە)(Bonamy, ٢٠١٤, ٥٠)

کۆمەڵناسـیی وەک زانسـتێک، کـە گرنگیـی بـە دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان ئـەدات و شـیکاریی و ڕاڤـە بـۆ هۆکارەکانی دروسـتبوون ئـەکات و ڕێگاچـارەکان ئەدۆزێتـەوە، ئـەوا سـینەماش لـە لای خۆیـەوە تۆمارێکـی ئـەو واقعەیـە کـە کۆمەڵناسـیی لێیئەکۆڵێتـەوە، بۆیـە بـەم پێیـە هـەر خـودی سـینەماش ئەبێتـە بابـەت و کەرەسـتەی توێژینـەوەی کۆمەڵناسـیی، هـەم لـە خـۆی و هـەم لـەو وێنەیـەی دروسـتی کـردوە و ئەیگوێزێتـەوە تـا کۆمەڵناسـیی وردتـر لـەو پێوەندییـە ڕابمێنێـت کـە وێنـە لەنێـوان دیـاردەکان و کەسـەکان و شـوێنەکاندا دروسـتی ئـەکات..

سـینەما دۆخـە هەسـتپێکراوەکان بەرجەسـتە ئـەکات و کۆمەڵناسـییش توێژینـەوە لـە واقعـی کۆمەڵایەتیـی ئـەکات، بـەڵام هـەر لەسـەرەتاوە کـە سـینەما هاتـە بـوون، گرنگیـی و هەسـت پێکردنەکـەی قۆنـاغ بـە قۆنـاغ بـوو، هـەر

بۆیـە ئاسـتی کەڵـک لـێ وەرگرتنیـش لـە سـینەما لەلایـەن گەلانـەوە بـە قۆناغـی جیاجیـا بـووە. سـینەما ئەتوانێـت یارمەتیدەرێکـی گرنگیـی تێگەیشـتن بێـت لـە کۆمەڵگـە، لـە دۆخـە کۆمەڵایەتیـی و کەلتورییـەکان، لـە کێشـە و دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان، هـەر وەک چـۆن کامێـرا هێـزی ئـەوەی هەیـە لایەنـی دەروونیـی مـرۆڤ نیشـان بـدات و هەسـت و هەڵچـوون و پرۆسـە دەروونییەکانـی تـاک بەیـان بـکات. سـەرجەم ئەمانـەش ئەبنـە ئامرازێکـی گرنـگ بـۆ زانسـتە مرۆییـەکان بـۆ تێگەیشـتن لـە کۆمەڵگـە لـە دۆخـی دەروونیـی تاکـەوە تـا پرۆسـەی سیاسـیی و قۆناغـە مێژووییەکان.

(جـۆن کلـود کاییـر ئەڵێـت: هـەر گەلێـک وێنـە «فیلـم» لەبـارەی خۆیـەوە بەرهـەم نەهێنێـت مەحکومـە بـە لەناوچوون)(عســل، ٢٠٠٨، ٦)

بـەم پێیـە سـینەما رۆڵێکـی گرنگیـی مێژوویـی ئەگێڕێـت لـە تۆمارکردنـی شـوناس و ژیانـی هـەر گەلێـک و مێـژووی کۆمەڵایەتییانـەی ئـەو گەلـە تۆمـار ئەکات.

سینەما وەک بابەت لە سێ رەهەندی جیاوازەوە کۆمەڵناسیی لێیئەکۆڵێتەوە:

گروپـی دروستـکردنی فیلـم، لـە روانگـەی کۆمەڵناسـیی رێکخسـتنەوە: ئـەو گرووپـەی کـە فیلـم درووسـت ئەکـەن، لەسـەرەتاوە بـاس کـرا سـینەما چەنـد هونـەرە هێنـدەش پیشەسـازییە، کـردەی بەرهەمهێنان و رێکخسـتنی گروپەکانـی کار و پێوەندیـی نێـوان سـتافەکان لەگـەڵ یەکـتر، ئەبێتە بابەت لە تێڕوانینی کۆمەڵناسـیی رێکخسـتنەوە.

ناوەڕۆکـی فیلـم (سـینەما وەک ئاوێنـەی واقعـی کۆمەڵایەتـی)، لەبـاری نووسـینی سـیناریۆ و داڕشـتنی چیـرۆک و ئـەو کەشـەی، کـە رووداوەکانـی نـاو فیلمەکـە تیایـدا روودەدەن، سـەرجەم ئەمانـە پێوەسـتن بەبابەتەکانـی کۆمەڵناسـیی و مرۆڤناسـی و دەروونناسـی لـە سـەر ئاسـتەکانی:

سینەما واقعێکی گریمانەییە، بۆ درووستکردنی ئەو دونیایە سود لە واقعی کۆمەڵایەتیی وەرئەگیرێت.

دیاردە کۆمەڵایەتییەکان

کێشە کۆمەڵایەتییەکان

داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان

جل و بەرگ و شێوازی ژیان

زمان و ئیدیۆمەکان و پنتە شاراوە و نهێنیەکانی ناو زمان کە پەیوەستە بە دۆخی کۆمەڵایەتیی.

پێوەندیی و کارلێکی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان (کارەکتەرەکان).

گرێ دەروونیی و بیرکردنەوەی تاکەکان (کارەکتەرەکان)

ئەمانـە و چەندیـن تێـمای تـر لەنـاو فیلمـدا، ئەتوانـن ببنـە بابەتـی توێژینـەوەی کۆمەڵناسـیی و هەروەهـا لـە رێـی راڤەکردنـی ئەمانـەوە ئەکرێـت تێگەیشـتن لەسـەر کۆمەڵگـەش درووسـت بکرێت.

(ئیمانیـۆل کراکـور، پێـی وایـە کـە فیلـم لەبـارەی وردەکارییـە نەزانراوەکانـەوە، لەپێنـاو درووسـتکردنی تێگەیشـتنەوەیە لـە رووداو. بـەم پێیـە گواسـتنەوەی رووداوەکان و دۆخـەکان وەک ئـەوەی لـە ژیانـی راسـتەقینەدا روودەدەن بەبـێ کەموکورتـی، لەپێنـاو تەواوکردنـی وێنەیەکـی بیـنراوە بەهەمـوو رەگـەزە کۆمەڵایەتییەکانـەوە) (العـماري، ٢٠٠٩، ١٤)

پەخشـی فیلـم، فیلـم وەک بەرهـەم ئەکەوێتـە نـاو سێگۆشـەی نێـرەر و پەیـام و وەرگـرەوە، چونکـە لەنـاو فیلمـدا

چەندیـن پەیـام بوونیـان هەیـە و کاتێـک فیلـم نمایـش ئەکرێـت کاریگـەری لەسـەر بینـەر درووسـت ئـەکات و سـینەما ئـەو هێـزەی هەیـە، ئەتوانێـت بیرکردنـەوە بەرهـەم بهێنێـت و ئەتوانێـت مۆدێـل درووسـت بـکات و ئەتوانێـت سـتریۆتایپ لـە رەفتاریـی کۆمەڵایەتییـدا بەرجەسـتە بـکات..

(سـینەما هونـەری بەشـدارییە لەگـەڵ جەمـاوەر، کـە وا ئـەکات تاکـەکان ئـەو کارانـەی لایـان پەسـەندە یـان ناپەسـەندە رای خۆیانـی لەبـارەوە بڵێـن، هێـزی سـینەما ئەوەیـە کردەیەکـی کۆمەڵایەتییـە، کاتێـک تاکـەکان ئەچـن بـۆ هۆڵـی سـینەما کـردەی ژیانکردنێکـی کۆمەڵایەتیـی پێکەوەیـی ئەزمـوون ئەکـەن، ئـەو بینینـی فیلمـە لەگـەڵ یەکـتر بـەش ئەکـەن لـە هەمـان کات و شـوێندا، بـە بۆچوونـی ئێتیـس ئیمانیـۆل نوسـەری کتێبـی « کۆمەڵناسـیی سـینەما و جەمـاوەر»، کۆمەڵناسـیی بـە ئاراسـتەی تێگەیشـتنی بابەتـی ئـەڕوات بـەرەو تێگەیشـتن لـە سـینەما و جەمـاوەر، وەک کردەیەکـی کۆمەڵایەتیـی)( العـماري، ٢٠٠٩، ١٦)

بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە

سنورەکانی توێژینەوە:

یەکەم:

سنوری جوگرافی:

هـەر چوارپارچەکـەی کوردسـتان لـە وڵاتەکانـی (تورکیـا، سـوریا، ئێـران، عیـراق) و هەروەهـا هەندێـک وڵاتـی وەک ئەرمینیـا و روسـیا کـە کوردییـان تیـا ئەژیـن و فیلمـی کوردیـی لێدرووسـتکراون و هەروەهـا دیاسـپۆرا بەگشـتی ئەگرێتـەوە..

سنوری کاتی:

توێژینەوەکە لە میانەی ساڵی خوێندنی ٢٠٢١ – ٢٠٢٢ ئەنجامدراوە.

کۆمەڵگەی توێژینەوە: بریتی ئەبێت لەو فیلمە کوردییانەی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ تا ٢٠٢٢، بەرهەمهاتوون.

نمونـەی توێژینـەوە: بریتـی ئەبێـت لـە ١٤ فیلمـی کوردیـی کـە بابەتەکانیـان بەشـێوەیەکی فـراوان پەیوەسـتە بـە ناوەڕۆکـی توێژینەوەکـەوە. بـەم پێیـە نمونـەی توێژینەوەکـە نمونەیەکـی مەبەسـتدارە. هـەر یەکـە لـەو ١٤ فیلمـەش لـەو فیلمانـەن کـە توانیویانـە:

لەناوخۆی کورستان لە هۆڵی نمایش و فێستیڤاڵەکانی ناوەوەی وڵات نمایش بکرێن.

بەشداری رێژەیەکی بەرچاو لە فێستیڤاڵە جیهانییەکان بکەن.

هـەر یـەک لـەو فیلمانـە لەبـەر گرنگیـی و تایبەتمەندییـان بوونەتـە مایـەی بیرلێکردنـەوە و نووسـین لەبارەیانـەوە، لەلایـەن بینـەران و رەخنەگرانـەوە.

هـەر یـەک لـەو فیلمانـەی وەک نمونـەی توێژینـەوە هەڵبژێـردراون، بابـەت و ناوەڕۆکەکەیـان زیاتـر گونجاوبـووە لەگـەڵ ناونیشـان و ناوەڕۆکـی توێژینەوەکـە.

میتۆدی توێژینەوە:

میتـۆدی سـەرەکی بەکارهێـنراو لـە توێژینەوەکـەدا بریتییـە لـە میتـۆدی شـیکاریی نـاوەڕۆک (تحليـل محتـوى – content analysis theory)، کـە شـێوازێکی توێژینەوەیـە تیایـدا توێـژەر هەوڵئـەدات پارچـە کارێکـی نـووسراو یـان

بیـنراو  کـۆد بکاتـەوە یـان لـە رووی بابەتییـەوە شـیکاریی بـکات.

(رێـکارەکان و قۆناغەکانـی میتـۆدی شـیکردنەوەی نـاوەڕۆک لەسـەر چەنـد بنەمایـەک ئەکرێـن وەک بنەماکانـی، (جیاکردنـەوەی بابەتـی توێژینـەوە، شـیکرنەوەی یەکەکانـی شـیکاریی، درووسـتکردنی فۆرمـی شـیکاریی، خشـتە و خانــەکان بــۆ شــیکردنەوەی بابــەت، بەتاڵکردنــەوەی خشــتەکان و شــیکردنەوەی زانیــاری نــاو خشــتەکان، بەکارهێنانـی رێـکارە ئامارییـەکان، رێکخسـتنی دەرەنجامـەکان و راڤەکردنیـان). (العسـاف، ١٩٨٩، ٢٤٠).

 ئەمـەش بـە ئامانجـی ئـەوەی کـە لێکدانەوەیەکـی جێـی متمانـە درووسـت بکرێـت بـۆ ئـەو داتـا چۆنایەتیانـەی کـە شـیکاریی ئەکرێـن، بـە درووسـتکردنی داتـای چەندایەتـی لێیانـەوە.

دیاریکردنـی یەکـە ئاماژەییـەکان بـە پێـی تیۆریـی شـیکاریی نـاوەرۆک، بـۆ درووسـتکردنی تێگەیشـتنە لـە مانـاکان، (یەکـە ئاماژەییـەکان: یەکـە لەسـەر بنەمـای ئامـاژە هێماییـەکان (مانـاکان) بەشـێوەی گـروپ هەڵئەبژێرێـن بەمەبەسـتی شـیکردنەوە و گەیشـتنی پێوەندیـی پەیامەکانـی نـاوەڕۆک، لەسـەر بنەمـای:

وشەکان.

بابەتی ناوەڕۆکی نێوان دێڕەکان یاخود لاپەڕەکان.

کەسێتیی و کەسایەتییەکان بەپێی بەڵگەنامەکان.

یەکەی تری جیاواز، وەک رێگەی گوزارشت، شێوازە ئەدەبییەکان، هەر یەکەیەکی تر کە پۆلێن بکرێت.

دوای دابەشـکردنیان لەسـەر بنەمـای بنەمـای ئامـاژە ئـەوەی ئەمێنێتـەوە  بیرکردنەوەیـە لـە رێگایـەک بۆپێوانەکردن و شـیکارکردنیان، جـا بـە رێگـەی چەندێتـی بێـت یـان چۆنێتـی). (شرفـە، ٢٠١٢، ١١٨)

هەرچەنــدە لــە بەشــی تیۆریــی توێژینەوەکــەدا ســود وەرگیــراوە لــە میتــۆدی مێژوویــی بــۆ دەستنیشــانکردنی دۆخــی مێژوویــی ســینەمای کــورد و میتــۆدی بەراوردکاریــی  بــۆ دەستنیشــانکردنی هەندێــک خــاڵ و بڕگــە لــە نێــوان ســینەمای کــورد و ســینەمای گەلانــی تــردا. بــەڵام لەبەشــی مەیدانــی توێژینەوەکــەدا تیۆریــی شــیکاریی نــاوەڕۆک بــۆ شــیکارکردن و تێگەیشــتن لــە فیلمــەکان بەکارهاتــووە.

فیلمەکانی نمونەی توێژینەوە / توێژەر

| N. | ناوی فیلم بە کوردیی | ناوی فیلم بە ئینگلیزی | ناوی دەرهێنەر | ساڵی بەرهەم | وڵاتی بەرهەمهێنەر | زمانی فیلم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کوێستانی قەندیل | Qandil Mountains | تەها کەریمی | 2010 | هەرێمی کوردستان/ عیراق | کوردیی |
| 2 | هێلانە سوتاوەکان | Burned Nests | شەهرام مەسڵەخی | 2011 | ئێران | کوردیی، فارسی |
| 3 | شیرین | Shirin | حەسەن عەلی | 2012 | هەرێمی کوردستان/ عیراق، فەرەنسا | کوردیی، فەرەنسی |
| 4 | وڵاتی تیژ و شیرینم | My Sweet Pepper Land | هونەر سەلیم | 2013 | فەرەنسا، ئەڵمانیا، هەرێمی کوردستان/ عیراق | کوردیی |
| 5 | نامە بۆ پادشا | Letter to the King | هیشام زەمان | 2014 | نەرویژ، ئیمارات | کوردیی، نەرویژی، ئینگلیزی، فارسی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | بیرەوەری سەر بەرد | Memories on Stone | شەوکەت ئەمین کورکی | 2014 | هەرێمی کوردستان/ عیراق، ئەڵمانیا | کوردیی |
| 7 | بیرەوەری ئەسپی ڕەش | Black Horse Memories | شەهرام عەلیدی | 2015 | ئێران، تورکیا | کوردیی، تورکی |
| 8 | ١٤ی تیرمە | 14th of July | هاشم ئایدەمیر | 2016 | تورکیا | کوردیی، تورکی |
| 9 | زەرێ | Zer | کازم ئۆز | 2017 | ئەڵمانیا، ئەمریکا، تورکیا | کوردیی، تورکی، ئینگیلزی |
| 10 | لە نێوان | THE BETWEEN | عەلی کەمال چینار | 2018 | تورکیا | کوردیی |
| 11 | ژ بۆ ئازادی | THE END WILL BE SPECTACULAR | ئەسرین چەلەک | 2019 | ڕۆژاڤا/سوریا | کوردیی |
| 12 | ئاهەنگی عەلی و زین | The Dance of Ali and Zîn | محەمەد عەلی کۆنار | 2021 | تورکیا | کوردیی، تورکیا |
| 13 | زاڵاوا | ZALAWA | ئەرسەلان ئەمیری | 2021 | ئێران | کوردیی، فارسی |
| 14 | بوکا بارانێ | The Rain Birds | حوسێن حەسەن | 2022 | هەرێمی کوردستان/ عیراق | کوردیی |

شیکاریی دەرەنجامەکان:

خشتەی یەکەم: نمونەی توێژینەوەکە بەپێی ساڵ و شوێنی بەرهەمهێنان:

| کۆی گشتی | ٢٠٢٢ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٠ | ٢٠١٩ | ٢٠١٨ | ٢٠١٧ | ٢٠١٦ | ٢٠١٥ | ٢٠١٤ | ٢٠١٣ | ٢٠١٢ | ٢٠١١ | ٢٠١٠ | ساڵ / شوێن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ١ | | | | | | | | ١ | | ١ | | ١ | باشور |
| ٣ | | ١ | | | | | | ١ | | | | ١ | | ڕۆژهەڵات |
| ٤ | | ١ | | | ١ | ١ | ١ | | | | | | | باکور |
| ١ | | | | ١ | | | | | | | | | | ڕۆژئاڤا |
| ١ | | | | | | | | | ١ | ١ | | | | دیاسپۆرا |
| ١٤ | | | | | | | | | | | | | | کۆی گشتی |

وەک ئەوەی نمونەی توێژینەوەکە لە خشتەکەدا دەرئەکەوێت، لەنێوان باشوری کوردستان و باکوری کوردستاندا، هاوتاییەک لە ڕێژەی بەرهەم هێنان هەیە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمترە، بەڵام ڕۆژئاڤا و دیاسپۆرا نیوهێندە کەمترن، کە ئەتوانین بڵێین لە باشور بەهۆی هاوکاری کەرتی گشتی کە حکومەتی هەرێمە و هەروەها هاتنە ناوەوەی کەرتی تایبەت ژمارەی بەرهەمهێنان بەو جۆرەیە.

خشتەی دووەم: زمانی سەرەکی فیلم

| | | |
|---|---|---|
| کوردیی | ٢ | ٪١٤.٣ |
| کوردیی و زمانی تری بیانی | ١٢ | ٪٨٥.٧ |

ئەگەرچی لەلایەنی تیۆرییدا زمان وەک یەکێک لە لایەنە سەرەکیەکانی شوناسی کۆمەڵایەتیی ئەناسێنرێت و زمانی کوردییش بۆ سینەمای کورد پایەیەکی گرنگیی شوناسەکەیەتی، بەڵام بەپێی نمونەی توێژینەوەکە و تەنانەت ئەو فیلمانەی لە دەیەی کۆتایی درووستکراون هێشتا بەکارهێنانی زمانی کوردیی رێژەیەکی کەم لەخۆ ئەگرێتەوە . توێژەر ئەم حاڵەتە بۆ ئەوە ئەگێرێتەوە کە:

بابەتی فیلمی کوردیی هێشتا زۆرینەی دۆزی کورد و لەناویشیدا دۆزە سیاسییەکەیەتی، کە بەشێکی سەرەکی چیرۆکەکان پێوەستن بە نەتەوە و دەوڵەتەکانی ترەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە و لە رابردودا جینۆساید و کارەساتی مرۆییان بەسەر کورد و شۆڕشەکانیدا هێناوە، سینەمای کورد لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانەدا دیسان پەنای بۆ زمانی ئەوانی تر بردۆتەوە تا وەک خۆی و شاهیدێکی دۆکیۆمێنتاریانە بیانخاتەوە روو.

بۆیە هەرچەند زمان بۆ شوناس و شوناسی کۆمەڵایەتیی گرنگە و بەشێکی پێکهێنەری سینەمای نەتەوە و گەلانە، بەڵام بۆ سینەمای کورد هێشتا زمان لەو پێگەیەدا نیە هێندەی دۆز و بابەتی فیلم ئەتوانن ببنە دیاریکەری شوناسی سینەمای کورد.

خشتەی سێیەم: ناوەڕۆکی فیلم

| ناوەڕۆکی فیلم | کۆمەڵایەتیی | سیاسیی | (کۆمەڵایەتیی – سیاسیی) پێکەوە | بابەتی تر |
|---|---|---|---|---|
| | ٢ | ٣ | ٩ | ٠ |
| | ٪١٤.٣ | ٪٢١.٤ | ٪٦٤.٣ | ٪٠ |

ناوەڕۆکی فیلمی کورد بە پێی نمونەی توێژینەوەکە، زیاتر ناوەڕۆکێکی (کۆمەڵایەتیی - سیاسیی) هەیە، کە ئەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شوناسی سینەمای کورد، کە لەناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکانیشدا پرسی سیاسیی ئامادەیی هەیە و لە ناوەڕۆکە سیاسییەکانیشدا پرسی کۆمەڵایەتیی بوونی هەیە، لە کۆی (١٤) فیلم تەنها (٢) فیلم ناوەڕۆکەکەی کۆمەڵایەتیی پەتییە و تەنها (٣) فیلم ناوەڕۆکەکەی سیاسیی پەتییە، بەڵام (٩) فیلمەکەی تر ناوەڕۆکەکەی (کۆمەڵایەتیی - سیاسیی)ە. بۆ نمونە فیلمی (هێلانە سوتاوەکان) کە لەچیرۆکی راستیی ژیانی یەکێک لە منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجەوە وەرگیراوە (ژیانی راسەقینەی «عەلی – زمناکۆ»، ئەو کوڕەی دوای ٢٢ساڵ لە ونبوونی لەرێگەی پشکنینی DNA توانرا خێزانەکەی بدۆزرێتەوە)، ئەم فیلمە تێماکانی ناوەڕۆک تیایدا (کۆمەڵایەتیی – سیاسیی)ە. لە دیوە سیاسییەکەوە باس لە جینۆساید و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و کۆچی ناچاری و ئاوارەبوون و ونبوون ئەکات و هاوکات باس لە گەڕان بەدوای شوناسدا ئەکات، لە دیوە کۆمەڵایەتییەکەدا گرنگیی بەدابونەریت و بەها کۆمەڵایەتیی و ئاینییەکان داوە و سروتە ئاینیی و کۆمەڵایەتیی و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکانی تێکەڵ بە دیاردە و کێشەکۆمەڵایەتییەکانیش کردوە..

خشتەی چوارەم: رەگەزەکانی کەلتور و دابونەریت

| رەگەزەکانی کەلتور و دابونەریت | سروتە ئایینیی و کۆمەڵایەتییەکان | هاوسەرگیری و ئاهەنگە کۆمەڵایەتییە کان | رەخنە لە دابونەریت | کێشەی ژنان و جیاکاری جێندەری |
|---|---|---|---|---|
| | ٩ | ٥ | ٨ | ٨ |

لـەم برگەیـەدا توێـژەر بـە وردکردنـەوەی رەگەزەکانـی کەلتـور و دابونەریـت، وەک یەکـەی پێکهێنانـی شوناسـی کۆمەڵایەتیـی، بابەتەکانـی (سروتـەکان، رەخنـە لەدابونەریـت و کێشـەی جیـاکاری جێنـدەری و ژنـان)ی جیاکردۆتـەوە. بەپێـی نمونـەی توێژینەوەکـە دەرئەکەوێـت کـە لـە فیلمەکانـدا وێـڕای سـەرنج خسـتنە سـەر سروتـە ئایینیـی و کۆمەڵایەتییـە کان و پرۆسـەکانی هاوسـەرگیری و ئاهەنگـە کۆمەڵایەتییـە کان، دیدێکـی رەخنەگرانـەش ئامادەیـی هەیـە، رەخنـە لـە دابونەریـت هـەروا رەخنـە لـە هەبوونـی کێشـەی جیـاکاری بەرامبـەر بـە ژن. لـەم دۆخـەدا سـینەمای کـورد هەرچەنـد لەسـەر دوو ئاڕاسـتەی جیـاواز کار ئـەکات، بـەڵام بـێ تێکەڵکـردن و نابوتکـردن، لەلایـەک سروتـە ئایینیـی و کۆمەڵایەتییـە کان وەک بەشـێک لـە ژیانـی کەلتـوری کۆمەڵگـە نیشـان ئـەدات، لەلایەکـی تریشـەوە رەخنـە لـە هەندێـک بیروبـاوەڕ و دابونەریـت ئەگرێتـەوە .

خشتەی پێنجەم: بەها کوردەوارییەکانی ناو فیلمەکاندا

| بەهاکان | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خۆشەویستی | ١٠ | ٪٧١.٤ |
| لێخۆشبوون و پێکەوە ژیان | ٣ | ٪٢١.٤ |
| ئازایەتی | ١٠ | ٪٧١.٤ |
| رێز و وەفاداری | ١٤ | ٪١٠٠ |
| پیرۆزی خاک و خۆشەویستی نیشتمان | ١١ | ٪٧٨.٦ |

بەهـاکان لەنـاو سیسـتمی کۆمەڵایەتییـدا ئاسـتێکی دیاریکـراو و بەرجەسـتەیی هەیـە، لـە کۆمەڵگـەی کوردییـدا بەهـاکان پێگەیەکـی بەرزیـان لـە دیاریکردنـی مامەڵـە و ژیانـی کۆمەڵایەتییـدا هەیـە، بگـرە زۆرینـەی پێودانگـەکان لەسـەر بنەمـا بەهاییـەکان کـە تـاک لـە میانـەی پـەروەردەی کۆمەڵایەتییـە وە وەریئەگرێتـەوە ، داڕێـژراون. خـودی ئـەم بەهایانـە بەشـێکن لـە شوناسـی کۆمەڵایەتیـی کـورد، بۆیـە لـە فیلمـە کوردییەکانیشـدا بـەم شـێوە چـڕە سیسـتمە بەهاییەکـە ئەبینینـەوە، بـۆ نمونـە بەهـای خۆشەویسـتی لـە کـۆی چـواردە فیلـم لـە دە فیلمـدا دووبـارە بۆتـەوە، ئازایەتـی کـە جگـە لـەوەی بەهایەکـی کۆمەڵایەتییـە ، بۆتـە شوناسـێکی تاڕادەیـەک جێگیـری کـورد، دیسـان بەهەمـان شێوە لـە نمونـەی توێژینەوەکـەدا لـە کـۆی چـواردە فیلـم لـە دە فیلمـدا دەرکەوتۆتـەوە، بەهـای رێـز و وەفـاداری لـە هـەر چـواردە فیلمەکـەدا دووپـات بۆتـەوە، ئەمـەش جارێکـی تـر ئـەو بەهایـەی کـە بۆتـە خەسـڵەتی شوناسـی کۆمەڵایەتیـی کـورد دوپـات ئەکاتـەوە، هەروەهـا پیـرۆزی خـاک و خۆشـەویستی نیشـتمان لـە یـازدە فیلمـدا هاتـوە، بـەڵام ئـەوەی مایـەی سـەرنجە بەهـای لێخۆشـبوون و پێکـەوە ژیـان، تەنهـا لـە سـێ فیلمـدا دەرکەوتـوە. کـە ئەشـێت وەک شـیکاریی ئـەوە بوترێـت هێشـتا کـە بـۆ کـورد برینـەکان تازەیـە و بگـرە هێشـتا لەنـاو خـودی قڕکـردن و ئـازاردا ئـەژی، سـەختە بیرکردنـەوە لـە لێخۆشـبوون، لەلایەکـی تریشـەوە کـە هێشـتا کـورد لەبـەردەم راگواسـتن و دەرکردندایـە لەسـەر خاکـی خـۆی لـە کویـی فیلمەکانیـدا بیـر لـە پێکـەوە ژیـان بکاتـەوە.

خشتەی شەشەم: ئاستەکانی کۆشوناسی تاکیی کورد

| کۆشوناس | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کۆمەڵایەتیی | ٩ | ٪٦٤.٣ |
| ئاینی | ٣ | ٪٢١.٤ |
| نەتەوەیی | ١٤ | ٪١٠٠ |
| نەژادیی | ٠ | ٪٠ |
| جێندەری | ٢ | ٪١٤.٣ |

کۆشوناسی تاکیی کورد، لە دەرکەوتنیدا لە سینەمای کوردا، بەشێوەی ڕەها شوناسێکی نەتەوەییە، واتا ئینتیما و پەیوەستی بەگرووپەکەیەوە (٪١٠٠) هۆکاری نەتەوەیی هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر فاکتەری نەتەوەیی لاببەین فاکتەری کۆمەڵایەتیی خاڵی بەهێزی پێکەوە بەستنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردییە لە فیلمە کوردییەکاندا بە ڕێژەی (٪٦٤.٣) ئەمە لە کاتێکدا فاکتەرەکانی ئایین (٪٢١.٤) و فاکتەری جێندەری (٪١٤.٣)ی کۆشوناسی تاکەکان پێک ئەهێنێت، ئەمەش ئاماژەدەرێکی شوناسی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگەی کورد کە سروشتی پێوەندییەکان و پەیوەستبوون بە گرووپەکانەوە زیاتر بنەمای کۆمەڵایەتیی هەیە لەهەر بنەمایەکی تر زیاتر. ئەمە لەکاتێکدایە کە شوناس لەسەر بنەمای نەژاد هیچ گرنگییەکی لەناو فیلمی کوردییدا نییە.

خشتەی حەوتەم: شوناسی کۆمەڵایەتیی پاڵەوان

| | | |
|---|---|---|
| ڕێگری لەبەردەم بەرجەستەبوونی شوناس (پابەندی - خۆنەدۆزینەوە) | ٠ | ٪٠ |
| پەرتبوونی شوناس (ناپابەندی – خۆنەدۆزینەوە) | ٣ | ٪٢١.٤ |
| دواکەوتنی شوناس (ناپابەندی - خۆدۆزینەوە) | ٢ | ٪١٤.٣ |
| بەرجەستەبوونی شوناس (پابەندی - خۆدۆزینەوە) | ٩ | ٪٦٤.٣ |

بەسود وەرگرتن لە تیۆریی شوناسی کۆمەڵایەتیی لای (ئێریک ئێرکسۆن)، سەبارەت بەوەی ئایا تاک شوناسە کۆمەڵایەتییەکەی لە چ دۆخێکدایە، توێژەر ئەم پێوەرەی بۆ پاڵەوانی فیلمەکان داڕشتەوە و دەرەنجامەکان بەم شێوەیە بوون، وەک دیارە لە (٪٦٤.٣)ی پاڵەوانی فیلمەکان لە دۆخی بەرجەستەبوونی شوناسدان، بەو مانایەی (هەم خۆیان دۆزیوەتەوە، هەم پابەندن بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکەیانەوە) ئەمەش وەک بەهێزی پێگەی کۆمەڵایەتیی و کاریگەری گروپ لەسەر تاک ئەخوێندرێتەوە. هەر یەکە لەو فیلمانەش کە پەرتبوونی شوناسیان هەیە بریتیین لە (هێلانە سوتاوەکان، زەر، ژ بۆ ئازادی) کەسایەتییەکان لە فیلمەکاندا بەهۆکاری دەرەکی لە گرووپەکانیان (چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی ان) دابڕاون و کەسایەتی ونبوویان هەیە، کە بەدوای شوناسی خۆیاندا ئەگەڕێن. ئەو دوو فیلمەش کە پاڵەوانەکانی لە دۆخی دواکەوتنی شوناسدان واتا خۆیان دۆزیوەتەوە، بەڵام پابەندی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیان نین فیلمەکانی (وڵاتی ترش و شیرینم) و (بیکابارانێ) کە هەردوو حاڵەتەکە درووستە و لە فیلمی یەکەمدا پاڵەوانی فیلم بەژیانی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی ڕازی نییە و شوێنێکی تر بۆ ژیان هەڵئەبژێرێت، لە فیلمی دووەمیشدا کارەکتەرەکە تەواو خۆی دۆزیوەتەوە بەڵام لەگەڵ ژینگەکەیدا ناتەبایە و دۆخی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی ڕەت ئەکاتەوە و بەرگری ئەکات.

بەڵام بەگشتی بەتێگەیشتن لەم تیۆرییە، زۆرینەی پاڵەوانی فیلمەکان واتا بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی، لە دۆخی بەرجەستەبوونی شوناسی کۆمەڵایەتییدان و ئەمەش جارێکی تر دووپاتکردنەوەی هێزی

گرووپـە لەسـەر تـاک، کـە بەخۆیـەوە پابەنـدی کـردون.

گفتوگۆی تیۆرەکان و شیکاریی فیلمەکان:

تیۆریـی یەکـەم؛ بـە پێـی ئـەم تیۆرییـە توێـژەر هەڵسـەنگاندنێکی بـۆ پاڵەوانـی سـەرەکی فیلمـەکان لەسـەر هـەر چـوار بنەماکـەی تیۆرییەکـە کـرد، دەرکـەوت کـە زۆرینـەی پاڵەوانـەکان لـە دۆخـی بەرجەسـتەبوونی شوناسـدان، جگـە لـە فیلمەکانـی (وڵاتـی تـرش و شـیرینم) و (بیـکا بارانـێ) کـە لـە قۆناغـی دواکەوتنـی شوناسـدان، ئەمـەش بەمانـای ئـەوەی کەسـەکان خۆیـان دۆزیوەتـەوە، بـەڵام پابەنـدی گرووپەکانیـان نیـن. هەروەهـا هەریەکـە لـە فیلمەکانـی (هێلانـە سـوتاوەکان) و (زەر) و (لەنێـوان) لـە دۆخـی پەرتبوونـی شوناسـدان ئەمـەش بەمانـای ئـەوەی کـە پاڵەوانـی سـەرەکی فیلمـەکان ونبـوون و کێشـەی خۆدۆزینەوەیـان هەیـە و کێشـەی پابەندیـان بـە گرووپـە کۆمەڵایەتییەکانیـان هەیـە..

تیۆریـی دووەم؛ شوناسـی کۆمەڵایەتیـی لای هێـنری تاجفێـل، شـێوازی تێروانینـی تیۆرییەکـەی تاجفێـل بـۆ (خـود و ئـەوی دی) بـۆ (ئێمـە و بـۆ ئـەوان)، خاڵـە هاوبەشـەکانی نێـوان هاوشوناسـان و ئـەو جیاوازییانـەش لەگـەڵ ئەوانی دیـدا، کـە کـۆی بیرکردەنـەوە تیۆرییەکەیەتـی، ئەتوانێـت هاوکارێکـی گرنـگ بێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە شوناسـی کورد خـۆی وەک نەتـەوە و دواتریـش شوناسـی سـینەمای کـورد لـە سـینەمای گەلانـی دی، خاڵـە هاوبەشـەکانی ناوخـۆ و جیاوازییەکانـی لەگـەڵ ئەوانـی دیـدا. جگـە لـەم خاڵـەش توێـژەر بـە سـورد وەرگرتـن لـەم تیۆرییـە شوناسـی کۆمەڵایەتیـی پاڵەوانەکانـی هەڵسـەنگاندوە کـە ئایـا تـا چەنـد پابەنـدە بـە گرووپـە کۆمەڵایەتییەکەیـەوە و تاچەنـد پابەنـد نیـە و خـۆی شوناسـێکی دیاریکـراوی بۆخـۆی درووسـتکردوە. دەرئەکەوێـت کـە زۆرینـەی کارەکتـەرەکان لـە دۆخـی ئاسـتی کۆشوناسـدان و بەتـەواوی پێوەسـتن بـە گرووپەکانیـان، هـەر ئەوەشـە ئەبێتـە خاڵـی هەماهەنگیـان لەگـە ئەندامانـی گرووپەکـەی و خاڵـی جیاوازییـش لەگـەڵ گرووپەکانـی تـردا.

تیۆریـی سـێیەم: شـوناس لای گۆڤـمان، ئـەوەی لـەم تیۆرییـەدا بەشـێوەیەکی گشـتی دەربـڕدراوە، نیشـاندانی ئـەو وێنەیەیـە لـە مـرۆڤ لەنـاو کۆمەڵگـەدا کـە رۆحـی نمایـش ئامادەیـە، تـاک بەپێـی پێگەکـەی هـەر رۆڵێـک ئەنوێنێـت واتـا نوانـدن ئـەکات، ئـەو ژیـان وەک شـانۆییەک تەماشـا ئـەکات، کـە تاکـەکان رۆڵیـان بـۆ دیـاری کـراوە لـە پێشـەوەی شـانۆکە، بـەڵام ژیانـی حەقیقـی ئەکرێـت بەشـی دواوەی شـانۆکەبێت، بـۆ نمونـە ئـەو چرکەسـاتەی لـە دیمـەی خوانـی ئێـوارەی دایکانـی رەشپۆشـی گەلانـی جیاوازیـی رۆژهەڵاتـی ناوینـد،ا لـە فیلمـی (کوێسـتانی قەندیـل) کاتێـک کامێـرا لـە پێشـەوە وێنـە ئەگرێتـەوە ، سـەرجەم ژنـەکان بـەدەم نانخواردنـەوە خواردنەکانـی خۆیـان لەگـەڵ یەکـتر بـەش ئەکـەن و لـە رووکاردا هەسـت بـە پەیامێـک ئەکرێـت کـە ئەمانـە زۆر تەبـان، بـەڵام هـەر هێنـدەی کامێـرا هەڵئەگەڕێتـەوە  و دیـوی پشـتەوە ئەبینیـن (دیـوی پشـتەوەی شـانۆکە بـە پێـی تیۆرییەکـەی گۆفـمان)، هەمـوان ئـەو خواردنانـە ئـەڕژن کـە لەوانـی تـر وەریـان گرتـوە. ئەمـەش ئاماژەیەکـی روونـە بـۆ نەبوونـی هییـچ متمانەیـەک بەیەکـتر. نواندنـی پێشـەوە جۆرێـک و نواندنـی پشـتەوە جۆرێکـی تـر.. یـان لـە فیلمـی (بیـرەوەری سـەر بـەرد) کاتێـک چیرۆکـی فیلمەکـە فیلـم درووسـتکردنە لەنـاو فیلمـدا، لـە دیمەنێکـدا ئەبینیـن کـە کارەکتـەری رۆژ ئـازاد کـە نوانـدن ئـەکات وەک پێشـمەرگەیەک و لـە دیمەنەکانـدا دوو رۆڵ ئەبینێـت، جارێـک وەک (کارەکتـەر - کارەکتـەر) نوانـدن لەنـاو نـاو نواندنـدا ئـەکات، جارێکیـش وەک (کارەکتـەر) نواندنـی کارەکتەرێـک دەرئەکەوێـت کـە نواندنـی ژیانـی ئاسـایی کەسـێتیی خـۆی ئـەکات، لـە کاتێکـدا ئـەوەش هـەر

نواندنـە و لەنـاو فیلمێکدایـە و کەسـەکە وەک ئەکتەرێکـە و پەیوەسـتە بـە دەق و رۆڵێکـەوە کـە بـۆی دیاریکـراوە.. لـەو کاتـەدا کـە نواندنـی (کارەکتـەر - کارەکتەر)ئـەکات تـەواو وەک کەسـێکی حەماسـی دەرئەکەوێـت، بـەڵام هـەر هێنـدەی کامێـرای وێنەگرتـن ئەوەسـتێت، ئەبێتـەوە بـە (کارەکتـەر) کەسـایەتییەکەی گۆڕانـی بەسـەردا دێتـەوە و کەسـێکی سـادە و تاڕادەیـەک کۆمیدیـش دەرئەکەوێـت، ئەمـەش رێـک نیشـاندەرەوەی ئـەو دۆخەیـە کـە تـاک بەهـۆی رۆڵ و پێگەکەیـەوە نواندنـی جۆرێـک لـە شـوناس ئـەکات و کاتێـک شـتەکان ئەگۆڕێـن نواندنیـش لەگەڵیـدا ئەگۆڕێتـەوە.

لـە نمونـە و دۆخێکـی تـردا لـە فیلمـی (زاڵاوا) کەسـایەتی پاڵەوانـی سـەرەکی سـەربازە پلەدارەکـە ئەبینیـن کـە چەنـد بـە جەسـارەت و ئازایەتـی و دەنگـی دلێـرەوە رووبـەرووی خەڵکـی گوندەکـە و بیروباوەڕەکانیـان ئەبێتـەوە بـەوەی ئـەوان بـە تێکچـون و بڕوایـان بەشـتێک هەیـە کـە بیرێکـی دواکەوتوانەیـە، ئەیـش مەسـەلەی هاتنـی جنۆکەیـە بـۆ گوندەکـە و تێکچوونـی شـیرازەی ژیـان، هـەر بۆیـە کاتێـک کارەکتـەری راوکـەری جنۆکەکـە دەسـتگیر ئـەکات و ئـەو شوشـەیەی لـێ ئەسـەنێت کـە گوایـە جنۆکەکـەی تیـادا زیندانکـردوە، کەسـێتییەکی بەهێـزی هەیـە و سـەرجەم دۆخەکـە رەت ئەکاتـەوە، بـەڵام کاتێـک شـەوە و کارەکتـەری سـەربازەکە بەتەنهایـە و شوشـەکە پێیـە لـە ژورەکـەدا، دۆخـی سـایکۆلۆژی کارەکتەرەکـە تـەواو ئەکەوێتـە دۆخـی شـڵەژان و تـرس و نیگەرانـی بەهـۆی ئـەو بیروباوەڕانـەوە کـە پێشـتر نکۆڵـی لێکـردوە، بـەڵام لـە ناخـی خۆیـدا هێشـتا مەترسـین و لێـرەدا فیلمەکـە بەهێڵێکـی تێگەیشـتن کاریگـەری پـەوروەردە و نەریـت لـە دورووسـتبوونی کەسـایەتی تاکـدا بەجوانـی دەرئەکەوێـت، تـا ئـەوەی کەسـەکە خوێـن لـە لوتـی دێـت و لـەو شـەوەدا خـەو لەچـاوی ناکەوێـت.. ئەمـەش وەک نیشـاندانی دوو جـۆر نواندنـی شـوناس، جارێـک لەنـاو خەڵـک و جارێـک بەتەنهایـی، کـە راسـتیی دووجـۆر لـە کەسـێتیی یـان دوو جـۆر لـە رەفتـار دەرئەخـات، کـە ئەشـێت شوناسـێکیان درۆزن و ئـەوی تریـان راسـتەقینەبێت..

## دەرئەنجام:

وەک راسـتیی یەکـی زانسـتیی کـە توێژینەوەکـە پێـی گەیشـتوە، شوناسـی کۆمەڵایەتیـی ئەگەرچـی لـە رووکاردا جێگیـر دەرئەکەوێـت، بـەڵام بـە گـۆڕان لـە بارودۆخـی کۆمەڵایەتییـدا ئەبێتـە هـۆی گـۆڕان لـە شوناسـدا. فیلمـە کوردییـەکان، دەرخەرێکـی راسـتەقینەی شوناسـی کۆمەڵایەتیـی کـوردن لـەم قۆناغـەی ژیانیـدا. بـەو پێیـەی بەپێـی جیاوازیـی کات شوناسـی تاکـەکان ئەگۆڕێـن. فیلمـەکان لـەم قۆناغـەدا زیاتـر گرنگیـی بـە دۆزی سیاسـیی کـورد ئـەدەن وەک لەلایەنەکانـی تـری ژیانـی شارسـتانی و کەلتـوری.

شوناسـی کۆمەڵایەتیـی فـرە رەهەنـدە و تـاک بـە زیـاد لـە شوناسـێکدا ئەناسرێتـەوە . بـەم پێیـە شوناسـی تاکیـی کـورد بەتێگەیشـتنی مانایـی لـە فیلمەکانـەوە لـە رێگـەی زمـان و دابونەریـت و بەهاکانەوەیـە، بـەڵام هێشـتا زمانـی کوردیـی نەبۆتـە مەرجـی سـەرەکی پێکهێنانـی شوناسـی کۆمەڵایەتیـی تاکیـی کـورد لـە فیلمـی کوردییـدا، بـەڵام رەهەندەکانـی دابونەریـت و بەهـاکان زیاتـر ئـەوە نیشـان ئەدەنـەوە.

شـوناس ئەبێتـە بنەمـا بـۆ بیرکردنـەوە و تـاک بەپێـی شوناسـەکەی و چوارجێـوە کۆمەڵایەتییەکـەی رەفتـار ئـەکات. زۆرینـەی فیلمەکانـی سـینەمای کـورد لەبەربـوون و چڕبوونـەوەی چیـرۆک لەبـارەی ململانێـی سیاسـیی – کۆمەڵایەتییـە وە، ژانـرای فیلمـەکان درامـان.

گرووپە کۆمەڵایەتییە کان شوناسی تاک دیاریئەکەن، بەم پێیە شوناس لەسەر دوو بنەما دیاریئەکرێت ئەوانیش (لەیەکچوون) و (جیاوازیی)ین، تاکەکانی ناو یەک گروپی کۆمەڵایەتیی لەیەک ئەچن و جیاوازییشن لە تاکەکانی گروپێکی تری کۆمەڵایەتیی. لە شوناسی کۆمەڵایەتییدا بەهاکان و لە شوناسی کەلتوریدا جلوبەرگ و لە شوناسی نەتەوەیدا خەبات، دەرکەوتووترین سیماکانی شوناسی فیلم و پاڵەوانەکانن، ئەمانەش خاڵی لێکچونی نێوان فیلمە کوردییەکان و جیاوازیین لەگەڵ فیلمی نەتەوەکانی تر.

تاک بەپێی خۆدۆزینەوە و پابەندی بەگرووپەکەیەوەیە دۆخی شوناسەکەی دیاریئەکرێت، کە ئەو تاکە لە کام دۆخی (بەرجەستەبوون، رێگری، ئاستەنگ، پەرتبوون)دایە. بەم پێیە پاڵەوانی فیلمەکان لە بەجەستەبوونی شوناسیاندا لە فیلمی کوردییدا، پاڵەوانێکن لە دۆخی قوربانیبووندان، بەڵام لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی دۆخی قوربانیبوون بۆ پاڵەوان.

## Abstract

This research attempts to detect the meanings of social identity of an individual as an actor in life and its relation to the other individuals. Thoughts and behaviors are related to identity. At the same time Identity represent two characteristics (differences and similarities). Members of one social group are similar to each other within the group and also different from members of another social group. The combination of these two characteristics simultaneously within the group becomes an indication for identity. However, the individual has his own identity and no two people are alike of each other, but within the frame of the groups there are commonalities and similarities between individuals. The points in which individuals shares the same values may be the constituent races of identity including (gender, ethnicity, race and religion). Each of the dimensions of (social, cultural, political) are forms an individual's social identity within the group. The research seeks to find these meanings in the Kurdish films and to reveal the social identity of the Kurdish individual. The findings of the study as follows;

١. Although Social identity it appears stable on the surface, however, changes in social circumstances will cause changes in identity.

٢. To understand some scientific facts regarding the issue of Kurdish social identity and its reflection in the Kurdish films.

٣. Identify and recognize the cultural and social characteristics of the Kurdish people and their appearance in the Kurdish films.

٤. The individual's identity status is determined by his or her self-identity and its attachment to his or her group. Thus, it shows the identity of the heroes of at Kurdish movies.

٥. From the individual's point of view, his/ her behavior is part of his/ her social identity, but in

the event of isolation or deprivation from his social group, the individual's behavior may change, because in the view of the Canadian sociologist (Goffman), the individual is acting, once on the stage (as his social group), once behind the stage (outside his social group).

## سەرچاوەکان:

## سەرچاوەی کوردیی

جەلیلیان، عەباس، فەرهەنگی باشوور، ئەنیستیتۆی کەلەپوری کوردیی، ئێران – سنە، چاپی چوارەم، ٢٠١٦

خاڵ، شێخ محمدی، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٠٥

فەتاح، ئاراس، بەعسیزم: پرۆژەی تەواوکردنی شوناسێکی تەواونەبوو، سەردەمی رەخنە، ژمارە١، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥

ماجد مەردۆخی کوردستانی، فەرهەنگی زانستگای کوردستان، زانستگای کوردستان – سنە، چاپی یەکەم، ٢٠١٨

موکریانی، گیو، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای جاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩

## سەرچاوەی عەرەبی

ابو العزم، ابو عبدالغني، معجم الغني، مؤسسة العزم، جدة، طبعة الاولى، ٢٠٢٠

بدوي، أحمد زكي، معجم مصطلحات العلوم الإجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت، ٢٠١١

تيماشيف، نقيولا، نظرية علم الاجتماع , طبيعتها و تطورها ، ترجمة: الدكتور محمد عودة و الاخرون ، دارالمعارف ، الطبعة الثامنة ، القاهرة ، ١٩٨٣

الحمد، مناف، الهوية المصنوعة، مركز الحرمون للدراسات المعاصرة، طبعة الاولى، دوحة، ٢٠٢٠

زايد، د.احمد، سيكۆلۆجية العلاقات بين الجماعات، عالم المعرفة، طبعة الاولى، الكويت، ٢٠٠٦

سيمور، شارلوت، سيمث، موسوعة علم الانسان، ترجمة: مجموعة من اساتذة علم الاجتماع باشراف محمد الجوهری، المجلس الاعلى للثقافة، طبعه الاولى، القاهرة، ١٩٩٨

شرفة، إلياس، مجلة الآداب و العلوم االجتماعية، تحليل المعطيات وقراءتها كيفي منهج تحليل المضمون، جامعة سطيف ٢، الجزائر، ٢٠١٢

عبد المعطي، حسن مصطفى، علم نفس النمو، المجلد الأول نظريات النمو النفسي الاجتماعي ثانيا: نظرية تشكيل الهوية «جيمس مارشيا، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، (https://al-maktaba.org/book/٩٩٣٩/٢٨٤#p٧)٢٠٠٧

عبدالعال، راوی و مجموعة من الباحثين، قياس الهوية، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجيه، طبعة الاولى، ابوظبي، ٢٠١٤

عثمان، ابراهيم، مقدمة فی علم الاجتماع، دار الشروق للنشر و التوزيع، طبعه الاولى، عمان، ١٩٩٩

العساف ، صالح محمد ، المدخل إلى البحث في العلوم السلوكية ، مكتبة العبيكان ، الرياض ، ١٩٨٩

عسل، اسامة، بصمة الجزائر على الشاشة تصل للعالمية ولبنان تبشر بأفلام مثيرة للجدل، البيان الإماراتية في ٦ يناير ٢٠٠٨

علوش، سعيد، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار الكتاب اللبناني، طبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٥

العماري، الصديق الصادقي، سوسيولوجيا السينما: الصورة والمجتمع، مجلة: سينفيليا، «مطبعة فولك» مدينة طنجة- المغرب، ٢٠١٩

فيريول، جيل، معجم المصطلحات علم الاجتماع، ترجمة: انسام محمد الاسعد، دار و المكتبة الهلال، طبعة الاولى، بيروت، ٢٠١١

كتاب نظرية اريك اريكسون، كتاب PDF، ص ١٦

download-٣٦٧٤٥٠٧٠٩-https://books-library.net/free

لجنة من الباحثين، مفهوم الهوية، مؤسسة لجان العمل الصحي (WHC)، بدون سنة، كتاب PDF

مارشال، جۆردن، موسوعة علم الاجتماع، الجلد الثالث، ترجمة: محمج محمود الجوهرى، المجلس الاعلى للثقافة، طبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠١

ميكشيللى، اليكس، الهوية، ترجمة: د. على وطفه، دار الوسيم للخدمات الطباعة، طبعه الاولى، دمشق، ١٩٩٣

هاوزر، ارنولد، الفن و المجتمع عبر التاريخ، ترجمة: د. فواد زكريا، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الجزء الاول، بيروت ٢٠١٨

سەرچاوەی فارسی:

گيدنز، آنتونى، تجدد و تشخص، ترجمه: ناصر موفقيان، نشر نى، چاپ دوم، تهران ١٣٨٣

محمدى، احمد گل، جهانى شدن، فرهنگ، هويت، نشر نى،چاپ دووم، تهران ١٣٨٣

## سەرچاوەی ئینگلیزی

Bonamy, Robert, Introduction. Poetics of Rossellini: moving images Publisher: UGA Editions Collection: The Works Factory Place of publication: Grenoble Year of publication: 2014 Publication on Open Edition Books: February 28, 2017 EAN (Print Edition): 9782843102882 Electronic EAN: 9782843103650 DOI: 10.4000/books.ugaeditions.1090 Number of pages: 178 p.

Chapter DOI:https://dx.doi.org/10.41359781506335483/

Chriss , James, Goffman, Parsons, and the Negational Self, January 2015Academicus International Scientific Journal 11:1131-

d’ Hugues ,Philippe, Encyclopaedia universalis France

DOI: 10.7336/academicus.2015.11.01

Edition: View all formats and editions

Jenkins, Richard, Social Identity, Routledge Tylor & Francis Group, London and New York, third

edition, 2008

Phinney, J. S. (2003). Ethic identity and acculturation. In K. M. Chun, P. Balls Organista, & G. Marín (Eds.), Acculturation: Advances in theory, measurement, and applied research (pp. 63–81). American Psychological Association.

Pittman ,Kivisto, Daniel, Goffman's Dramaturgical Sociology: Personal Sales and Service in a Commodified World, Published 2007

Print Book, French, DL 1992

Publisher: Encyclopaedia universalis, [Paris], DL 1992

Sociology, DOI:10.41359781506335483/.N13Corpus ID: 152281584.In Illuminating Social Life: Classical and Contemporary Theory Revisited